تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات

XEBAT

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5885) چوارشەممە 4ی کانوونی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە کونسوڵی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی دەکات



دوێنێ سێشەممە لە سەلاحەددین سەرۆک مسعود بارزانی پێشوازی لە ئەحمەد ئەلزاهری کونسوڵی گشتیی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی لە هەولێر کرد. لە دیدارەکەدا کونسوڵی گشتیی ئیمارات لە هەولێر سلاوی شێخ محەممەد بن زاید ئال نهیان جێنشینی ئەبووزەبی بە سەرۆک بارزانی گەیاند و کورتەیەکی لەبارەی یارمەتییەکانی وڵاتەکەی بۆ ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان بۆ سەرۆک بارزانی باس کرد و جەختیشی لەوە کردەوە کە وڵاتەکەی بەردەوام دەبێت لە یارمەتیدانی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا. بارودۆخی سیاسیی عێراق و ناوچەکە و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی تەوەری تری ئەو کۆبوونەوەیە بوو.

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە ئیدریس دەبی سەرۆکی وڵاتی چاد دەکات



2

هەولێر و بەغدا لەبارەی بودجەی فیدراڵی گەیشتوونەتە ڕێککەوتن

2

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندی هەرێم بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ کۆدەبێتەوە

یەکەمجارە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە قۆناخی سەرەتایی ئامادەکردنی ڕەشنووسی بودجەی فیدراڵ بەشدار بێت



3

نێچیرڤان بارزانی سەردانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەکات

دۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و ڕووداو و پێشهاتەکانی ناوچەکە بەگشتی تاوتوێ کران



2

هەولێر.. قۆناخی دوای عەبدولمەهدی و دیاریکردنی سەرۆکوەزیرانی نوێ

3

فراکسیۆنی پارتی: ئاشتیی کۆمەڵایەتیی ئەم هەرێمە بە بەرپرسیارێتیی سەرشانمانی دەزانین

گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان گوتەکانی ئەندام پەرلەمانێکی یەکێتی بە ڕیکلامی ڕاگەیاندن لەقەڵەم دەدات. لەمبارەوە دوێنێ سێشەممە پێشەوا هەورامانی، لە پرێس کۆنفرانسێکدا ئاشکرای کرد: فراکسیۆنی پارتی هەموو کات وێستوویەتی لەگەڵ فراکسیۆنەکانی دیکە هاوبەشی بکات، چونکە ئاشتیی کۆمەڵایەتیی ئەم هەرێمە ئێمە بە بەرپرسیارێتیی سەرشانمانی دەزانین نامانەوێ ئەوەی لە ڕابردوو و خولی پێشوو ڕووی دا، جارێکی دیکە ڕوو بداتەوە. ئاماژەی بەوەش دا: دەستبردن بۆ مووچە و قووتی خەڵک بۆ مزایەدە ، نەگونجاوە و من پێم وایە قسەکانی کاک عەباس پەیوەندیی بە بابەتی ڕیکلامی ڕاگەیاندنەوە هەبوو کە کۆنگرەی حزبەکەی لەپێشە و لەوانەیە بەنیازی شتێک بێت و ئەو قسانەی بۆ جوولەیەکی ڕاگەیاندنی خۆی کردووە.

پێشەوا هەورامانی گوتیشی: ئێمە لەبارەی ئەو قسانەوە لەگەڵ لیژنەی یاسایی قسەمان کرد و ئەمە وەڵامی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە و دەڵێت قسەکانی ئەو گوزارشت نییە لە ڕای ئێمە و لەگەڵ فراکسیۆنی یەکێتی قسەمان کردووە و دەڵێن قسەکانی گوزارشت نییە لە بڕچوونی فراکسیۆنی یەکێتیی، لەگەڵ هەموو شوێنەکان کە ئەو پەیوەندیی پێوە هەبووە قسەمان کردووە، دەڵێن ئەو قسانەی کاک عەباس هیچ پەیوەندییەکیان بە فراکسیۆن و لیژنەکەی ئێمەوە نییە، کەواتە ئەو قسانە ڕێکلامێکی ڕاگەیاندن بووە و مووچەی خەڵکی کردووەتە بیانوو بۆ خۆی.

گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی گوتیشی: تاکوو ئێستا ڕێز لەوە دەگرین کە بەڕێزان لە دەستەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان هەماهەنگییەکی زۆر باشیان لەگەڵ فراکسیۆنەکان هەبووە، هەروەها هاوڕێیانمان لە فراکسیۆنی یەکێتی تا ئێستا هەماهەنگییەکی زۆر باشیان لە کارەکاندا هەبووە لەگەڵ ئێمە و ئامانجی ئێمەش پاراستنی هاوسەنگییە و ئێمەش زۆر کارمان کردووە ، بەڵام خۆ ناکرێ هەموو شتێک بکەیتە بیانوو بۆ باسکردن.

شایەنی باسە پێشتر عەباس فەتاح، جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاندبوو دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەست هیچ بارگرانییەک بۆ حکوومەت دروست ناکات. عەباس فەتاح ئاماژەی بەوەش کردبوو دەبوو لە ماوەی 21 ڕۆژدا پڕۆژە یاسای بە هەمیشەییکردنی فەرمانبەرانی گرێبەست بخرێتە بەرنامەی کارەوە و خوێندنەوەی دووەمی بۆ بکرێت.

چۆن بتوانین بەخواردنی کوردەواری گەشتوگوزاری خواردن پەرە پێبدەین؟

بەبێ جیاوازی سەرپێچیکاران بەتوندی سزا دەدرێن پێویستە هەموو ماڵێک پێوەری کارەبای ماڵەکانیان بپشکنن و لە دروستیی پێوەرەکانیان دڵنیابنەوە



7

خەبات: هاوار موڕتکەیی

کارەبا ئەو کێشە بەردەوامەی دەیان ساڵی ڕابردوو تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت نەتوانراوە چارەسەری بنەڕەتی بۆ بدۆزرێتەوە و هەمیشە بۆتە جێی گلەیی هاوڵاتیان و بەشێوەیەک ئەو بڕوایە لایان دروست بووە کە مەحاڵە لەدەست نەبوونی کارەباوە ڕزگاریان بێت، لەم سۆنگەیەشەوە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سێکتەری کارەبای لەپێشینەی کارەکانی داناوە کە بتوانێت کێشەکانی چارەسەر بکات، دیارە هەر لەگەڵ دەستبەکاربوونیشییەوە هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی دەستپێکرد و ئەویش بەتەرخانکردنی بوودجەیەک بۆ تەواوکردنی پرۆژە جێماوەکان و هەروەها گرتنەبەری چەندین ڕێگای دیکە.

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە شاندێکی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردی سووریا دەکات

هەردوولا نیگەرانیی خۆیان لە بوونی هەوڵ بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیی ڕۆژئاوای کوردستان نیشاندا



دوێنێ سێشەممە لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە شاندێکی باڵای ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردی سووریا بە سەرۆکایەتیی سعوود مەلا سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردی سووریا کرد. لە دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسیی سووریا و دواپێن پێشهاتە سیاسی و مەیدانییەکان و ڕۆڵی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی لە دۆخی سووریا تاوتوێ کرا.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا هەردوولا نیگەرانیی خۆیان لە بوونی هەوڵ بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیی ڕۆژئاوای کوردستان و ئازاردان و ئاوارەکردنی هاوواڵاتیانی کورد لە لایەن چەکدارە توندڕۆکانەوە، نیشاندا.

پەیوەست بە ئایندەی سووریا و کوردییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددیاتەکان و مسۆگەرکردنی مافە سیاسییەکانی گەلی کورد، سەرۆک بارزانی ئاموژگاریی پێویستی بۆ شاندی میوان خستەڕوو.

نێچیرڤان بارزانی سەردانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەکات

دۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و ڕووداو و پێشهاتەکانی ناوچەکە بەگشتی تاوتوێ کران



سەرۆک نێچیرڤان بارزانی هاوپەیمانیی فراکسیۆنە سەرکردەکانی یەکگرتوو، کوردستانییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەخاتە گەڕ.

پێشیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە 2019/12/3 لە هەولێر بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە یاوەریی بەڕێزان جێگرانی سەرۆک، سەردانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانی کرد و لەگەڵ بەڕێز سەلاحەدین محەممەد بەهائەدین ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و ژمارەیەک لە کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا دوایین پێشهاتەکانی عێراق و خۆپیشاندانەکانی بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی وڵات، لێکەوتەکان و کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان، گرنگیی تەبایی و یەکڕیزیی لایەنە کوردستانییەکان لە بەغدا، دۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و ڕووداو و پێشهاتەکانی ناوچەکە بەگشتی تاوتوێ کران.

بەڕێز ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، هەوڵ و هەنگاوەکانی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانی لەپێناو تەبایی و یەکڕیزی و کاری پێکەوەییی لایەنە کوردستانییەکان بەرز نرخاند و پشتگیریی خۆی و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانی بۆ دووپات کردەوە.

محەممەد هاودیانی: یەکگرتوو هاوکار دەبێت بۆ یەکڕیزیی کورد



دوێنێ 2019/12/3 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە چوارچێوەی سەردانەکانیدا لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان کۆ بوونەوە و بەڕپرسی پەیوەندییەکانی یەکگرتووش سەردان و کۆبوونەوەیان لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی بەگرینگ وەسف دەکات.

محەممەد هاودیانی، بەڕپرسی پەیوەندییەکانی یەکگرتووی ئیسلامی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: "سەردانی ئەمڕۆی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرز دەنرخێنین، کە بۆ چەند مەبەستێک سەردانی یەکگرتووی ئیسلامیی کرد، لەوانەش ئەو کۆبوونەوانەی پێشتر لە سەرۆکایەتیی هەرێم بەڕێوە چوون و یەکگرتوو تێیاندا بەشدار بوو، هەروەها لە کۆبوونەوەی نێوان سەرۆکی هەرێم و ئەمینداری یەکگرتوودا باس لە پێکهێنانی فراکسیۆنی کوردستانی لە بەغدا کرا، کە پێویستە کورد لە بەغدا یەکگرتوو بێت."

بەڕپرسەکەی یەکگرتوو دەڵێت: "ڕەوشی ناوچەکە وا دەخوازێت ئێمە خۆمان نێومالّی خۆمان ڕێک بخەینەوە و یەکهەڵوێستە بین.

محەممەد هاودیانی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: "سەرۆکی هەرێم جەختی لەوە کردووەتەوە کە لە پرسەکاندا ڕۆڵی هەموو ئەو هێزانەی ئۆپۆزیسیۆنن لەبەرچاو دەگیرێت، چونکە زۆر پێویستە لەو قۆناغەدا چ لەسەر ئاستی ناوخۆ بێت، یان بەرانبەر بە گۆڕانکارییەکانی بەغدا، هەماهەنگی لە نێوان هەموو هێزەکاندا هەبێت. ئێمە، وەک یەکگرتوو، دەمێکە ئەوەمان دووپات کردووەتەوە لەگەڵ هەموو یەکهەڵوێستییەکین و

هەولێر و بەغدا لەبارەی بودجەی فیدراڵی گەیشتوونەتە ڕێککەوتن

سەعید هەرکی: بەپێی ئەو پرۆژەیەی ڕێککەوتنی لەسەر کراوە بەغدا مانگانە 900 ملیار دینار بۆ هەولێر دەنێرێت

پەرلەمانتارێکی عێراق ڕۆژی ناردنی پرۆژەیاسای بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی 2020 گەیشتوونەتە ڕێککەوتن. شێروان دووپەردانی هەروەها ڕاشیگەیاند، ڕۆژی چوارشەممە 2019/12/4یان پێنجشەممە ئەنجوومەنی هەولێر و بەغدا لەبارەی بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی 2020 گەیشتوونەتە ڕێککەوتن. شێروان دووبەردانی، ئەندامی فارکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق بە خەباتی ڕاگەیاند، بە خۆشحاڵییەوە وەزیرانی عێراق پرۆژەیاساکە دەنێرێتە پەرلەمان بۆ دەنگ لەسەردانی. هەروەها سەعید هەرکی، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند، بەپێی پرۆژەکە، کە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە، بەغدا مانگانە 900 ملیار دینار بۆ هەولێر دەنێرێت. سەعید هەرکی هەروەها ڕاشیگەیاند، ئەو بڕە بودجەی پێشمەرگە ناگرێتەوە، چونکە بودجەی پێشمەرگە لە بودجەی سیادیی عێراق و لە چوارچێوەی سیستەمی بەرگریی عێراق دابین دەکرێت.



لە ڕۆژئاوای کوردستان دوو ڕۆژ ماتەم ڕاگەیەندرا

دوێنێ سێشەممە 2019/12/3 لە ڕاگەیەندراوێکدا ئەنجومەنی جێبەجێکاری، ئیدارەی خۆبەڕێوەبەریی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا بۆ ڕۆحی شەهیدان و قوربانیانی بۆردومانەکەی تورکیا بۆ سەر شارۆچکەی تەلڕەفعەت، دوو ڕۆژ ماتەمینی ڕاگەیاند.

بەڕێوەبەرایەتییەکە لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەکردووە، لەمڕۆوە "سێشەممە" بۆ ماوەی دوو ڕۆژ، پرسە لەتەواوی ڕۆژئاوای کوردستان ڕادەگەیەنرێت، بۆ ڕێزگرتن لەگیانی ئەو هاوڵاتییە سیڤیلانەی کە بەهۆی بۆردومانەکانی سوپای تورک و هاوپەیمانە سووریەکانی بۆ سەر ناوچەی تەلڕِفعەت لە شەهبا شەهید بوون. شایەنی باسە ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە، لە ڕۆژئاوای کوردستان، سوپای تورکیا تۆپبارانی ناوچەیەکی مەدەنی شارۆچکەی تەلرەفعەتی سەر بە هەرێمی عەفرینی کرد و بەهۆیەوە 10 هاووڵاتی مەدەنی شەهیدبوون و 21 هاووڵاتی دیکەش بریندارببوون، زۆربەی قوربانیەکانیش منداڵ بوون.

تەرەمپ: لێدوانەکەی ماکرۆن بێڕێزییەکی گەورەیەو فەرەنساش لە هەمووان زیاتر پێویستی بە ناتۆیە

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد تەرەمپ ڕایگەیاند کە لێدوانەکەی سەرکۆماری فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن کە ڕایگەیاندبوو "مەرگی میشکی ناتۆ ڕووداوە" بێ ڕێزییەکی گەورەیە .دۆناڵد تەرەمپ یەک ڕۆژ بەرلە دەستپێکردنی لووتکەی ناتۆ لە لەندەن لەگەڵ سکرتێری گشتیی ناتۆ، یانس ستولتنبێرگ کۆبوونەوە. سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد تەرەمپ لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەنووسان سەبارەت بە لێدوانی سەرکۆماری فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن کە گوتبووی "مەرگی میشکی ناتۆ ڕووداوە" گوتی: ناتۆ خزمەتێکی گەورە دەکات. لە هەمان کاتدا ئەوە هەڵوێستێکی نادادپەروەرانەیە بەرامبەر ئەمەریکا. چونکە ئەمەریکا ئەو بوودجەیەی دەکەوێتە سەر شانی دەیدات. لێدوانەکەی ماکرۆن بێ ڕێزییەکی گەورەیە .

دۆناڵد تەرەمپ باسی لەوە کرد کە لێدوانەکەی ئیمانوێل ماکرۆن بەرامبەر ئەمەریکا. چونکە بەڵای 28ئەندامی هاوپەیمانیەتەکە "زۆر ناخۆش" بووە. سەرۆکی ئەمەریکا ئاماژەی بەوە کرد کە فەرەنسا لە ڕووی ئابوورییەوە لە ڕەوشێکی باشدا نییە و خۆپیشاندانی ئێلەگ زەردەکان دژێژەی هەیە و گوتی: لە کاتێکدا ئەوانە لە ئاراداون ناتوانن هەڵسن و لێدوانێکی لەو شێوەیە لەبارەی ناتۆ بدەن. سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد تەرەمپ گوتیشی: وڵاتێکی دیکە نییە وەک فەرەنسا زۆر زیاتر پێویستی بە ناتۆ بێت. لەم دۆخەشدا زۆر مەترسیدارە فەرەنسا لێدوانێکی لەو شێوەیە بدات. دۆناڵد تەرەمپ ئاماژەی بەوە کرد کە دەبێنرێت فەرەنسا لە دابەشبوونداید و گوتی: تەماشا دەکەم و دەبینم لە هەموان زیاتر پێویستی بە پاراستن و لە پارچەبوونداید. لەبەرئەوە کەمێک سەرمسوڕما.

نێچیرڤان بارزانی و باڵیۆزی ئەمەریکا دۆخی عێراق تاوتوێ دەکەن



سەرۆک نێچیرڤان بارزانی پەرۆشیی هەرێمی کوردستانی بۆ دۆخی عێراق و ئارامی و سەقامگیریی سیاسی و ئەمنیی وڵات دووپات کردەوە و هەموو ئامادەییەکی هەرێمی کوردستانی بۆ هەر هاوکارییەک لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکان و ئارامی و سەقامگیریدا، نیشان دا. ئێوارەی دوێنێ سێشەممە لە هەولێر، بەرێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەیەکدا لەگەڵ بەرێز ماتیو تیولەر باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق، دواییێ پێشهاتەکانی دۆخی عێراق و خۆپیشاندانەکان لە بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی ناوەڕاست و باشووری وڵات خستە بەر باس و جەختیان لە پاراستنی ئارامی و سەقامگیری کردەوە، هاوکاری و هەماهەنگی و پێکەوەکارکردنی لایەنە عێراقییەکانیشیان بۆ چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخەکە و ڕووداوەکاندا، بە ئەرک و بەرپرسیاریەتیی هەمووان لە قەڵەم دا.
گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا و هەوڵەکان بۆ ڕێککەوتن لەسەر بابەتی بودجە و نەوت، دواییێ پێشهاتەکانی ناوچەکە و چەند بابەتێکی جێی بایەخی هەردوولا، بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوون.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندی هەرێم بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ کۆدەبێتەوە

یەکەمجارە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە قۆناخی سەرەتایی ئامادەکردنی ڕەشنووسی بودجەی فیدراڵ بەشدار بێت





دوێنێ سێشەممە 2019/12/3 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندی حکوومەتی هەرێم بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ تایبەت بە پرسی بودجەی 2020 کۆبوونەوە.
لە کۆبوونەوەکەدا، سەرۆک و ئەندامانی شاندەکە، وردەکارییە ئەو ڕێککەوتنەیان خستەڕوو، کە لە ژێر ڕێنمایی و بە چاودێریی سەرۆکی حکوومەت لەگەڵ وەزارەتی دارایی حکوومەتی عێراق لە بارەی بودجەوە ئەنجامدراوە. شاندەکە ئاماژەی بەوەدا کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزارەتی دارایی عێراق گەیشتووەتە دەرئەنجامی کۆتایی لە سەر پڕۆژەی بودجەی 2020 ئەمەش یەکەمجارە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە قۆناخی سەرەتایی ئامادەکردنی ڕەشنووسی بودجەی فیدراڵ بەشدار بێت.
حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هیوادارە ڕێککەوتنەکە وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت و داواش لە فراکسیۆنە کوردستانییەکان و فراکسیۆنەکانی دیکە لە پەرلەمانی عێراق دەکات لە قۆناخی داهاتوو کە پڕۆژەی بودجە دەچێتە پەرلەمانی عێراق، هاوکار و پشتیوان بن لە چەسپاندن و پاراستنی ماف و شایستە داراییە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان.

عێراق.. قۆناخی دوای عەبدولمەهدی و دیاریکردنی سەرۆکوەزیرانی نوێ

تەمەنی حکوومەتەکەی عەبدولمەهدی کە دوای گفتوگۆیەکی دوورو درێژ پێکهێندرا تەنیا سااڵێکی خایاند

سوننەکان داوای دامەزراندنی حکوومەتێکی کاتیی و پاشنیش هەڵبژاردنی پێشوەختە دەکەن

ئەیاد عەلاوی: ئەنجامدانی چاکسازی سەقامگیری لە عێراقدا بەرقەرار دەکات

عەلی سوهەیل: لایەنە سیاسییە شیعەکان لە ڕەوشێکی دژواردان



پاش دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی ,لە عێراق قۆناغی دیاریکردنی سەرۆکوەزیرانی نوێ دەستپێکردووە و پارتە سیاسییە شیعەکان بەدوای سەرۆکوەزیرانێکدا دەگەڕێن کە بە لای سیستانی، ئەمەریکا و ئێرانیشەوە پەسەند بێت. پاش خۆپیشاندانەکانی دژ بە حکوومەت کە لە یەکی تشرینی یەکەمەوە تا ئێستا لە عێراق دڕێژەی هەیە و بانگەوازی مەرجەعی باڵای شیعی، عەلی سیستانی کە ڕۆژی هەینی ئاڕاستەی پەرلەمانی کرد بۆ سەندنەوەی متمانە لە حکوومەت، عەبدولمەهدی کە سااڵێک پێش ئێستا دەسەاڵتی گرتە دەست ناچاربوو کورسیی دەسەاڵت جێبهێاڵێت و ڕۆژی شەممە نامەی دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەش بە پەرلەمان کرد، پەرلەمانیش بەبێ دواکەوتن دوێنێ لە دانیشتنێکدا دەستلەکارکێشانەوەکەی پەسەندکرد.

تەمەنی حکوومەتەکەی عەبدولمەهدی کە دوای گفتوگۆیەکی دوور و درێژ توانرا پێکبهێنرێت تەنها سااڵێکی خایاند، دوای دەستلەکارکێشانەوەشی هەوڵەکان بۆ دیاریکردنی سەرۆکوەزیرانی نوێ دەستپێکردووە. ئێستاش مشتومڕی ئەوە دەکرێت کە سەرۆکوەزیرانی نوێ یەکێک دەبێت کە پشتیوانی پارتە شیعەکانی دەبێت، یان کەسێکی سەربەخۆ دەبێت لەژێر ڕۆشنایی داخوازیی شەقامدا.
دوای دەستلەکارکێشانەوەی عەبدولمەهدی، پارتە شیعەکان لە بەغدا لە ماڵی ڕێبەری ڕەوتی نیشتمانی حیکمە، عەمار ئەلحەکیم کۆبوونەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا هەریەک لە ڕێبەری هاوپەیمانی فەتح، هادی عامری و ڕێبەری هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا، نوری مالکی و نوێنەرانی گرووپەکانی دیکەی شیعە بەشداربوون. بانگەشەی ئەوەش کرا کە باڵیۆزی ئێران لە بەغدا، ئیرەج مەسجدی بەشداری لەو کۆبوونەوەیەدا کردووە کە تیایدا گفتوگۆکراوە لەبارەی هەوڵەکان بۆ دیاریکردنی سەرۆکوەزیرانی نوێ.
ڕێبەری ئایینی و سیاسیی، موقتەدا سەدر کە خاوەنی گەورەترین کوتلەی سیاسی شیعەیە لە پەرلەمانی عێراق (هاوپەیمانی سائیرووون) ئاماژەی بەوە کرد بەشداری لە گفتوگۆکانی حکوومەتی نوێدا ناکات. هەروەها ئەوەی خستەڕوو کە هاوپەیمانی سائیرووون بەشداری لەو کۆبوونەوانەش ناکات کە لە بەغدا لەنێوان پارتە سیاسییەکاندا دەکرێت بۆ دیاریکردنی سەرۆکوەزیران. لەلای خۆیەوە بەڕەی ڕزگاری و گەشەپێدان بە ڕێبەرایەتیی ئوسامە نوجێفی، ئاماژەی بەوە کرد کە پشتیوانی لە حکوومەتێک ناکات پشت بە لایەنی سیاسیی ببەستێت. ئەو بەرە سوننەیە ئەوەشی خستەڕوو کە داوای دامەزراندنی حکوومەتێکی کاتیی سەربەخۆ و پاشانیش هەڵبژاردنی پێشوەختەیان کردووە.
هەروەها سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق و ڕێبەری هاوپەیمانی نەسر کە سێهەم گەورەترین لیستی پەرلەمانە، حەیدەر عەبادی ئاماژەی بەوە کرد کە نابنە بەشێک لەو لایەنەی سەرۆکوەزیرانی نوێ دیاری دەکەن و، گوتی: لەگەڵ سەرۆکوەزیرانێکی سەربەخۆین کە متمانەی گەل بەدەستبهێنێت، نەک سەرۆکوەزیرانێک سەر بە پارتێک بێت. سەرۆکوەزیرانی پێشووتری عێراق و ڕێبەری هاوپەیمانی وەتەنیەش، ئەیاد عەلاوی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: جگە لە دەستلەکارکێشانەوەی حکوومەت، ئەنجامدانی چاکسازی لەو سیاسەتەی ئێستا کە لەسەر بنەمای هەڵە دامەزراوە، سەقامگیری لە عێراق بەرقەرار دەبێت.
لایەنە کوردییەکان کە یەکێکن لەو لایەنانەی خاوەنی قسەن لە هاوسەنگیی سیاسیی عێراقدا، هەروەها هەندێ لە پەرلەمانتارانی کورد لەو لێدوانانەی داویانە ئاماژەیان بەوە کردووە کە سەرلەنوێ دانیشتنەوە لەگەڵ حکوومەتی نوێ و گەڕانەوە بۆ سەرەتا لەو بابەتانەدا قبووڵ ناکەن.
هەروەها شرۆڤەکاری سیاسیی عێراقی، عەلی سوهەیل لەبارەی چاوەڕوانییەکان لە عێراقی دوای عادل عەبدولمەهدی رایگەیاندووە: لایەنە سیاسییە شیعەکان لە ڕەوشێکی دژواردان. سەرلەنوێ بە دوای یەکێکدا دەگەڕێن کە مەرجەعی ئایینی لە نەجەف، ئەمەریکا و ئێران ڕەزامەندی لەسەر دەربڕن بۆ بوونە سەرۆکوەزیران. پارتە شیعییەکان وای بۆ دەچن لە ئەگەری ڕەزامەندی دەربڕینی سیستانی لەسەر کەسێک بۆ ئەو پۆستە، ئەوا لەلایەن خەڵکی شیعەشەوە پشتگیری دەکرێت. ئەم پارتانە لە هەمانکاتدا بە دوای یەکێکدا دەگەڕێن کە ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانیان بکات.
سوهەیل بە تیشک خستنە سەر ئەوەی کە هێشتا ئەمەریکا هەڵوێستی ڕوون نییە سەبارەت بەوەی کێ دەبێتە سەرۆکوەزیرانی نوێی عێراق، گوتی: ئەمەریکا پشتگیری لە عادل عەبدولمەهدی کرد. کەچی ناوبراو بە درێژایی ئەو ماوەیەی سەرۆکوەزیران بوو لە ئێران نزیکتر بوو. بۆیە ئەمەریکا نایەوێت هەمان هەڵە دووبارە بکاتەوە.
لە ماوەی بەردەوامیی خۆپیشاندانەکانی عێراقدا ژمارەیەکی زۆری خۆپیشاندەران بەهۆی دەستڕێژی گوللە و بەرکەوتنی کەپسوڵی گازی فرمێسکڕێژەوە بەر سەریان گیانیان لەدەستداوە و ئاماژە بەوە دراوە کە ماوە ماوە خۆپیشاندەران لە بەغدا و پارێزگاکانی باشووری عێراق لەلایەن نیشانشکێنەکانەوە دەکرێنە ئامانج. لە کاتێکدا حکوومەت لێدوانی نەداوە سەبارەت بەوەی خۆپیشاندەران لەلایەن کێوە دەکوژرێن، هێزە ئەمنییەکان دانیان بەوەداناوە کە جار جار بە گوللە ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران دەبنەوە. لە ڕۆژی هەشتی تشرینی دووەم ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی ڕایگەیاند: جگە لە دەستڕێژی گوللە بەشێک لە خۆپیشاندەران بەهۆی بەرکەوتنی کەپسوڵی بۆمبی گازی فرمێسکڕێژەوە و گیانیان لەدەستداوە.
وەزیری بەرگریی عێراقیش، نەجات شەمەری لە میانی بەشداریکردن لە بەرنامەیەکی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی لۆکاڵی لە 15ی تشرینی دووەم ڕایگەیاند: کوشتنی خۆپیشاندەران لە دەرەوەی زانیاری بەرپرسانی عێراقییە و بەهۆی بەکارهێنانی بۆمبی گازییەوەیە لەلایەن لایەنی سێیەم. هەرچەند بانگەشەی ئەوەش بکرێت کە مەبەستی ئەو وەزیرە عێراقییە لە لایەنی سێیەم ئێرانە، بەاڵم حکوومەتی عێراق لەمبارەیەوە هیچ لێدوانێکی نەداوە.







کاکەمین نەجارِ پیرۆزبایی لە بەڵێن عەبدوڵڵا دەکات

بەمەبەستی پیرۆزبایکردن لە سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کاکەمین نەجارِ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر بە یاوەری ئەندامانی ئەنجومەن سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسیی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی کرد و لەلایەن بەڵێن عەبدوڵڵا سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی زەحمەتکێشان بە گەرمی پێشوازی کران

کاکەمین نەجارِ بە ناوی خۆی و سەرکردایەتی هەولێر پیرۆزبایی لە حزبی زەحمەتکێشان و سکرتێری حزبەکە کرد بە بۆنەی تەواوبوونی کۆنگرەکەیان و هەڵبژاردنی بەڵێن عەبدوڵڵا بە سکرتێری زەحمەتکێشان و هیوای خواست وەک هەمیشە حزبی زەحمەتکێشان لە گەڵ حزب و لایەنە کوردستانییەکان یەکدەنگ و یەکڕیز بێت بۆ بە پاراستنی خاک و خەڵکی کوردستان.

دواتر بەڵێن عەبدوڵڵا خۆشحاڵی خۆی بە سەردانی شاندی سەرکردایەتی هەولێر بە سەرۆکایەتی بەڕێز کاکەمین نەجارِ دەربڕی و سوپاسی کردن لە هەمبەر پەیامی پیرۆزباییان بە بۆنەی تەواوبوونی کۆنگرەکەیان و هەڵبژاردنی بەڵێن عەبدوڵڵا بە سکرتێری زەحمەتکێشان و هیوای خواست وەک هەمیشە حزبی زەحمەتکێشان لە گەڵ حزب و لایەنە کوردستانییەکان یەکدەنگ و یەکڕیز بێت بۆ بە پاراستنی خاک و خەڵکی کوردستان.

پەیوەندی دۆستانەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کرایەوە .

جێگری سەرۆکی پەرلەمان سەردانی حزبی زەحمەتکێشانی کردوو لەگەڵ شاندێکی ئەنجوومەنی لۆرداتی بەریتانیاش کۆبۆوە

پێشنیوەرۆی دوێنێ سێشەممە هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی پیرۆزبایی سەرکەوتنی کۆنگرەکەیان سەردانی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی لە شاری هەولێر کرد و لەلایەن بەڵێن عبدالله سکرتێری گشتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پێشوازییان لێکرا.

لە دیدارێکدا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پیرۆزبایی سەرکەوتنی کۆنگرەی دەیەم و هەڵبژاردنی سکرتێری گشتی و ئەندامانی نوێی مەکتەبی سیاسی لە حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کرد، هەرلە دیدارەکەدا تیشکخرایە سەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا و پرۆژەی چاکسازی حکومەتی هەرێم و نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان، جێگری سەرۆکی پەرلەمان رۆڵی حیزبی زەحمەتکێشانی بەرزنرخاندکە هەردەم لەگەڵ یەکڕیزی بوونە، و هیوای خواست لە داهاتووشدا لە پێشکەوتنی بەردەوام و هەمیشە لە نوێ بوونەوە بن.

هەر دوێنێ سێشەممە هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی پەرلەمانتاران کلارا عۆدیشۆ و فەرید یەعقوب لە پێکهاتەی کریستیان لە پەرلەمان، پێشوازی لە لۆرد دەیڤید ئالتۆن ئەندامی ئەنجوومەنی لۆردات و بڕیاردەری لێژنەی بەرگری و ناوخۆ لە پەرلەمانی بەریتانیا و شاندێکی یاوەری کرد، کە بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ رەوشی پێکهاتەی کریستیانەکان سەردانی هەرێمی کوردستانیان نیشاندا بەو پێکەوەژیانە ئاشتیانەیەی نێوان سەرجەم پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان و ، هەرێمی کوردستانیان وەکو مەڵبەندێکی گرنگی پێکەوەژیان لە ناوچەکە وەسف کرد، هاوکات باسیان لە هەوڵەکانیان کرد بۆ بە جینۆساید ناساندنی کەیسی هەڵبجە لە ئێستاشدا خەریکی کۆکردنەوەی بەڵگەنامەی کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان بۆ ئەوەی بە جینۆساید بناسێندرێت.

ئەمەریکا پێشێلکارییەکانی دژی خۆپیشاندەرانی عێراق ئیدانە دەکات



ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە توندی پێشێلکارییەکانی دژی خۆپیشاندەرانی عێراقی و بەکارهێنانی هێز لە دژی خەڵکی خۆپیشاندەر سەرکۆنە دەکات.

یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا دێیڤد شینکەر لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت باسی لەوە کردووە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە توندی پێشێلکارییەکانی دژی خۆپیشاندەرانی عێراقی و بەکارهێنانی هێز لە دژی خەڵکی خۆپیشاندەری نارازی شەقامی عێراقی سەرکۆنە دەکات. یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا هەروەها داوای لە بەرپرسانی حکومەتی عێراقی کرد لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکات کە بە تووندوتیژی وەڵامی خۆپیشاندەرانیان داوەتە. ئەو بەرپرسەی ئەمەریکا داواشی لە حکومەتی عێراقی کرد ئەو کاسانەی تووندوتیژییان بەرامبەر خۆپیشاندەران بەکارهێناوە سزا بدرێن.

بۆ دووبارە بونیادنانەوە، مووسڵ پێویستی بە 10 ساڵ و 100 ملیار دۆلارە



مووسڵ بە شاری دوو بەهارەکە ناسراوە، بەڵام داوای ئەوەی لە 10ی حوزەیرانی 2014 کەوتە دەستی داعش و لەکاتی ڕزگارکردنەوەشی لە 10ی تەمووزی 2017 واتە بە 37 مانگ، بوو بە جیۆگرافیایەکی وێرانە. لە 60%ی ژێرخانی مووسڵ زیانی بەرکەوتووە، لە بەشی ڕۆژئاوای دەگاتە 80% هەروەها 100%ی ناوچەی بازرگانی و پیشەسازیی زیانیان بەرکەوتوون و لە 65%ی بالەخانەکان و لە 30%ی ڕێگەوبیان و پردەکان زیانیان بەرکەوتوون. نزیکەی 10 ملیۆن تۆن پاشماوەی دار و پەردوو و تەقەمەنی لە مووسڵ بە جێماون، ئەم شارە پێویستی بە 10 ساڵ و 100 ملیار دۆلارە، تاوەکو وای لێدێت بەکەڵکی ئەوە بێت خەڵک تیایدا بژیت.

عێراق.. خۆپیشاندەران هەوڵیان دا بچنە ناو بینای ئەنجوومەنی پارێزگای کەربەلا

جارێکی دیکە خۆپیشاندەرانی ناسریە هاتنەوە سەر شەقامە گشتییەکان و ڕێگە سەرەکییەکانیان داخست

بەهۆی ئەو پێکهەڵپژانەی کە لە ئاکامی هەوڵی خۆپیشاندەران بۆ چوونە ناو بینای ئەنجوومەنی پارێزگای کەربەلا ڕوویدا، چەند کەسێک برینداربوون. ئەفسەر لە پۆلیسی کەربەلا، هانی حەیدەری ڕایگەیاند شەوی سێشەممە خۆپیشاندەران بۆ جاری دووەم هەوڵیان دا بچنە ناو بینای ئەنجوومەنی پارێزگا، بەڵام کاتێک هێزە ئەمنییەکان هەوڵیان دەدا ڕێگری لە خۆپیشاندەران بکەن، پێکهەڵپژان ڕوویدا و چەند کەسێک بریندار بوون.

ناوبراو ئاماژەی بەوەیشدا کە لە دەوروبەری بینای ئەنجوومەنی پارێزگای کەربەلا بەربەرستی کۆنکرێتییان دانراوە. لە لایەکی دیکەوە پارێزگاری موسەننا، ئەحمەد مەنفی جۆدە بێ ئاشکراکردنی هۆکارەکەی، سێ ڕۆژ پشووی لە قوتابخانەکان ڕاگەیاند.

لەلایەکی دیکەشەوە بە گوێرەی میدیاییەکان، دوێنێ سێشەممە خۆپیشاندەرانی شاری ناسریەی باشووری عێراق پردە سەرەکییەکان و شارێگەکانیان داخست و هاتوچۆشیان پەکخست دواتریش. هێزە ئەمنییەکان بە چڕی لە نزیک شوێنی خۆپیشاندەران کۆبوونەوە.

هاوکات ئەمەریکا سەرکوتکردنی خۆپیشاندەرە عێراقییەکانی لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بە کردەوەی تاوانکاری لەقەڵەمداوە و ئیدانەی تووندوتیژییەکانی کردووە و داواشیکردووە، لێکۆڵینەوە لەو پێشێلکارییانە بکرێت، کە بەرامبەر بە هاووڵاتیانی خۆپیشاندەر ئەنجامدراوون.

فەرماندەیەکی سەربازیی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق کاندیدە



حەنین قەدۆ، پەرلەمانتاری هاوپەیمانیی فەتحی سەربە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە پەرلەمانی عێراق، ڕاگەیاندووە: فەریق ڕوکن عەبدولوەهاب ساعدی، دیارترین کاندیدە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق. حەنین قەدۆ هەروەها ئەوەشی ئاشکرا کردووە: زۆرینەی کوتلە شیعییەکان پشتگیریی ئەو فەرماندە سەربازییە دەکەن بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق.

فەریق ڕوکن عەبدولوەهاب ساعدی تەمەنی 56 ساڵەو پێشتر فەرماندەی هێزەکانی دژەتیرۆری عێراق بووە و بە فەرمانی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئەوکاتی عێراق، لە پۆستەکەی لادرا و گوازرایەوە بۆ ناو وەزارەتی بەرگری عێراق.

ئامۆزای بەغدادی لە حەویجە دەستگیر کرا



دوێنێ سێشەممە سەرچاوەیەکی ئەمنی لە کەرکووک ڕایگەیاندووە کە لە حەویجە ئامۆزای سەرکردەی پێشووی ڕێکخراوی داعش ئەبوبەکر بەغدادی دەستگیرکراوە. ئەو سەرچاوەیە باسی لەوەش کرد، هێزێکی پۆلیسی حەویجە لەناو شاری کەرکووک توانیان یەکێک لە سەرکردەکانی داعش "حامد شاکر سەبع بەدری" دەستگیرکرد کە کۆڕی مامی ئەبوبەکر بەغدادیە. ئاماژەی بەوە کرد، ئەو دەستگیرکراوە گرنگترین سەرکردەکانی داعشە، کە دۆسیەی هەوالگری ڕێکخراوی داعشی بەڕێوە دەبرد.

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/12/4 ژمارە (5885)
خەبات

لە خۆپێشاندانەکانی ئێران 13 مێرمندالْ کوژراون



بە گوتەی سەرچاوەکانی مافی مرۆڤ، لە خۆپیشاندانەکانی ئێراندا کە مانگی ڕابردوو بەڕێوەچوو، 13 مێرمندالْ کە تەمەنیان لە نێوان 14 بۆ 18 ساڵ بووە، گیانیان لەدەستداوە. بەپێی زانیاریی میدیاکان، لەمبارەوە پەروانە سەلەحشووری، نوێنەری تاران لە پەرلەمانی ئێران دانەی بەوەدا ناوە کەلە کاتی هەڵبژاردنەکانی ئەم دوایەی ئێران، کۆمەڵێک لە مێرمندالان کوژراون، بەڵام ئاماژەی بە ژمارەی مێرمندالْە کوژراوەکان نەکردووە.

سەرەڕای بڵاوبوونەوەی چەندین ئامار و داتای جۆراوجۆر لەبارەی ژمارەی کوژراوانی خۆپیشاندانەکانی ئێران، بەڵام بەرپرسانی فەرمی و دەزگای دادوەری و دەزگا ئەمنییەانی ئێران لە بڵاکردنەوەی ئامارێ لە راستەقینەی کوژراوان لە خۆپیشاندانەکان خۆ دەبوێرن و ئاشکرای دەکەن ئەو ئامارانە دوورن لەڕستییەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ، 20 مێرمندالی تەمەن خوار 18 ساڵ لە خۆپیشاندانەکاندا کوژراون، بەڵام ئەو دامەزراوانە تەنیا ناو و ناسنامەی 13 کەسیان بڵاو کردووەتەوە.


چوار کەس لەو مێرمندالْە کوژراوانە لە پارێزگای خووزستان بوون و ڕێکخراوی (هەنگاو) بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاشکرای کردووە دوو کەس لە کوژراوەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەناوەکانی (ئاریا ڕەجەبی، مەحەمەدڕەزا ئەحمەدی و ئارمین قادری) مێرمندالّی خوار تەمەن 18 ساڵ بوون.

مێرمندالْە کوژراوەکان لە شارەکانی پارێزگای خووزستان، کرماشان، سنە، مەریوان، یەزدانشەهر، تاران و پاریزگای ئەلبورز بوون.

ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە دواینی ئاماری خۆیدا بڵاوی کردووەتەوە کە لە خۆپیشاندانەکانی ئێراندا 201 کەس کوژراون و جەختی کردووەتەوە کە ئاماری ڕاستەقینەی کوژراوەکان لەو ڕێژەیە زۆر زیاترن و لێکۆڵینەوە لەمبارەوە بەردەوامە.

ئەم ئاماڕە لە کاتێکدا کە مالْپەڕی (کەڵە) لە ئێران کەڵە بالّی ڕێفۆرمخوازەکانەوە نزیکە، هەفتەی ڕابردوو بڵاوی کردەوە کە ژمارەی کوژراوەکان 366 کەسە و بە هەزاران کەسیش بریندار و دەستگیر کراون.

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا: ئێران هۆکاری هاوبەشە لە ناڕەزایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا



وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاند: ئێران هۆکاری هاوبەشە لە نێو ناڕەزایەتییەکان لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەشڵێت خۆپیشاندەران لە عێراق و لوبنان و خودی ئێرانیشدا ڕێزێمی ئایینی ڕەتدەکەنەوە. مایک پەمپیۆ ڕۆژی دووشەمە لەمیانەی لێدوانێکیدا لە زانکۆی لویزڤیڵ لە ویلایەتی کێنتاکی گوتی: عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیری عێراق دەستیلەکارەکەی کێشایەوە، چونکە خەڵکی داوای ئازادیی دەکەن و هێزە ئاسایشییەکان دەیان کەسیان کوشتووە، ئەمەش تاراددەیەکی زۆر پەیوەستە بە هەژمونی ئێرانەوە.

بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا، وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، گوتیشی: لە لوبنانیش بە هەمان شێوەیە کە خەڵکی دەیانەوێت حزبوڵڵا و ئێران لە وڵاتەکەیان و سیستەمەکەیان بچنە دەرێ، بەوپێیەی هێزێکی سەرکوتکەرن و تووندوتیژی پیادە دەکەن. شایەنی باسە یەکێک لەو دروشمانەی لە خۆپیشاندانەکانی عێراقدا دەگوترێنەوە، ئێران بۆ دەرەوە بۆ دەرەوە،یە. لەگەڵ ئەمەش کونسوڵخانەی ئێران لە شاری نەجەف دوو جار سووتێنداراوە. لە لوبنانیش حزبوڵڵا لە دژی خۆپیشاندانەکانە و لایەنگرانی چەند جارێک پەلاماری خۆپیشاندەرانیان داوە.

ئێسپێر: تورکیا فشار دەخاتە سەر ناتۆ بۆ ئەوەی یەپەگە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بناسێنرێ



وەزیری بەرگری ئەمەریکا هەڵوێستی وڵاتەکەی لەبارەی ناساندنی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ئاشکرا کرد و ڕایگەیاند کە مەرج نییە هەموو وڵاتان ئەوە بە مەترسی بزانن کە تورکیا بە مەترسی دەزانێت. پێش بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەی لووتکەی ناتۆ، مارک ئێسپێر، وەزیری بەرگریی ئەمەریکا، بە ئاژانسی (ڕێتەرز)ی ڕاگەیاند، تورکیا فشار دەخاتە سەر ناتۆ بۆ ناساندنی یەپەگە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی. باسیشی لەوە کرد کە بابەتی گرنگتری ناوچەکە لە لایەن تورکیاوە پشتگوێ خراون و مەرج نییە هەموو جیهان ئەوە بە مەترسی بزانێت کە تورکیا وەک مەترسی هەژماری دەکات. داواشی لە تورکیا کرد، لەگەڵ وڵاتانی ئەندام لە ناتۆ، هاوکار بێت بۆ بەهێزکردنی سیستەمی بەرگری لە (پۆڵەندا، لیتوانیا، لاتیڤیا و ئەستۆنیا) "دژ بە مەترسییەکانی ڕووسیا کە ئێستا بابەتێکی گەرمی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپایە."

ئەمەریکا پشتگیریی ڕۆژنامەنووسانی ئێران دەکات

برایان هوک: ئەمەریکا هەنگاوی جیددی بۆ پشتیوانی لە ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و ئازادی ڕادەربڕین لە ئێران هەڵدەگرێت

ئەمەریکا ئازار و ئەشکەنجەدانی ڕۆژنامەنووسان و بنەماڵەکانیان لەلایەن ئێرانەوە ئیدانە دەکات. برایان هوک نوێنەری تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ئێران، ڕەخنەی لە بەکارهێنانی تووندوتیژی بەرانبەر بە ڕۆژنامەنووسان و بنەماڵەکانیان لەلایەن ئێرانەوە گرت و ڕایگەیاند، ئەمەریکا ئازار و ئەشکەنجەدانی ڕۆژنامەنووسان و بنەماڵەکانیان لەلایەن ئیدانە دەکات. هوک دەشڵێت، ئەمەریکا هەنگاوی جیددی بۆ پشتیوانی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و ئازادی ڕادەربڕین لە ئێران هەڵدەگرێت.

لەندەن... کۆبوونەوەی سەرکردەکانی ناتۆ بەڕێوەدەچێ

سکرتێری گشتیی پێشووی ناتۆ:

لووتکەکەی لەندەن دووگیانە بە گرژییەکان

کۆبوونەوەکە تەنها سێ کاتژمێر دەخایەنێ و هەر سەرکردەیەکیش تەنها چوار خولەک قسە دەکات



لە کاتێکدا لە 70ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی NATOدا سەرکردەکانی ڕێکخراوەکە خۆیان ئامادە دەکەن بۆ کۆبوونەوە لە لەندەن، لێکدانەوە لەبارەی لێدوانێکی سەرکۆماری فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن کە کە ڕێکخراوەکەی بە "مێشکی مردوو" ناوزەند کردبوو، دەبێتە ڕۆژەڤی لووتکەکە. لەگەڵ ئەوەی لە ئاستی فەرمیدا لەندەن وەک شوێنی لووتکەی سەرکردەکانی ناتۆ باس دەکرێت، بەڵام حکوومەتی بەریتانیا شوێنێکی هەڵبژاردووە بۆ کۆبوونەوەکە کە کاتژمێرێک لە پایتەختەوە دوورە.

ئاماژە بەوە دەکرێت کە هەڵبژاردنی ئەو شوێنە لە لایەن بەریتانیاوە بەهۆی کاریگەری ئەو خۆپیشاندانە گەورەیەوە بوو کە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالْد تەرەمپ لەمیانی سەردانەکانیدا بۆ ئەو وڵاتە ڕووبەڕووی بووەوە. هەرچەندە لووتکەکە لە هۆتێلێکی لوکس و دوور لە گردبوونەوەی خۆپیشاندەران بەڕێوەدەچێت، بەڵام ئەو مشتومڕە کاریگەرانەی چاوەڕوان دەکرێت ڕووبدات بە خێرایی بە هەموو جیهاندا بڵاودەبێتەوە.

سەرکۆماری فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری THE ECONOMISTی INGILIZ بەریتانی، ناتۆی بە پەیمانێکی "مێشک مردوو" لە قەڵەمدا کە وادەردەکەوێت ئەو گوتەیە بەبێت بە سەرچاوەی گرژییەکی دیار لە لووتکەکەدا. هاوکات هەڵسەنگاندنەکانی جۆناسان ئیال، پسپۆر لە ناوەندی تۆێژینەوەی بەریتانی لە پەیمانگای هێزە چەکدارەکانی شاهانە سەبارەت بە لێدوانەکەی ماکرۆن بووتە جێی سەرنج. لە شیکارییەکیدا لە دووتوێی وتارێکدا کە بۆ RUSIی نووسیوە، جۆناسان ئیال باس لەوە دەکات کە لێکدانەوەکەی ماکرۆن دەرچەیەکی گونجاوە لەگەڵ تۆماری سیاسەتمەداری فەرەنسی "سەرەتا قسە بکە پاشان بیربکەرەوە" و گوتیشی: ڕاستییە تاڵەکە ئەوەیە ئەگەر هەموو دیمانەکەی بخوێنیتەوە، بەرگریکردن لە گوتەکانی ماکرۆن بێ بانگەشەکەی نیشانی داوە ڕەوا نییە و گوتی: سووریا نموونەیەکی کلاسیکییە کە ئەورووپییەکان ئاڕەزوومەندانە زۆر کەم شت بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەریکا نەخوازێت بە خوێن و پارەی خۆی کاری پێویست بکات بۆ هێنانەدی ئاڕەزووی ئەورووپا. مشتومڕی هەردوو بەرەکەی ئەتڵەسی لەسەر سووریا نە نوێیە نە نائاساییە. نیشاندانی ئەوە وەک کۆتایی ناتۆ، لەوە زیاتر باوەڕپێکراوتر نابێت کە شکستی بەهەند وەرنەگرتنی قەیرانی پەنابەری ئەورووپا بەشێوەیەکی گونجاو بەنموونەی "مردنی کلینیکی" نیشان بدەیت.

نموونەی سووریا

لە شیکارییەکەدا جۆناسان ئیال ئەوەی خستەڕوو کە "بە دڵنیاییەوە کاک ماکرۆن لانیکەم دەیەوێت پەیامی ئەوە بدات و بڵێت ناتۆ بووتە ڕابردوو و چەندە ئامادەبین بۆ پرسەی پەیمانەکە ئەوەندە باش دەبێت. ئاماژەی بەوەیش کرد کە ئەو هەڵوێستەی سیاسەتمەدارە فەرەنسیە ڕاگرتنی کردنەوەی ڕێگەیە لەبەردەم مشتومڕی لەبارەی بەرگری لە ئەورووپادا بەو شێوەیە، بگرە زیاتریش چەقبەستووی کردووە. جۆناسان ئیال باسی لەوە کردووە، نموونەی سووریا کە ماکرۆن وەک بەڵگە بۆ لەبارەی ناتۆ نەدەشارەوە. لە دوایین لووتکەدا کە لە بڕۆکسل بەڕێوەچوو گوشاری لە هاوپەیمانە ئەورووپییەکانی کرد خەرجی تێکڕای بەرگری نیشتمانی لەسەدا دوو زیاد بکەن.

لووتکەکە بە پێشوازی شاژن دەستپێکرد

لووتکەکە لە لەندەن کە 70 ساڵ لەمەوبەر میوانداری یەکەم بارەگای ناتۆ بوو، دوێنێ سێشەمە بە بەشداری سەرۆکی 29 وڵاتی ئەندام لە پەیمانەکە بە ڕێورەسمی پێشوازی کە لە لایەن شاژنە ئەلیزابێسی دووەم لە کۆشکی بێکینگهام سازکرا دەستپێکرد. هەروەها سەرکردەکان لە میانی خوانی ئێوارە بە میوانداری سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، بۆریس جۆنسن لە نووسینگەی سەرۆکایەتی وەزیران کۆبوونەوە. بەڵام بە فەرمی لووتکەکە ئەمڕۆ چوارشەمە لە هۆتێلێکدا لە ناوچەی واتفۆرد خۆرئاوای لەندەن بەردەوام دەبێت. لە لووتکەکەدا لە پاڵ هەڵوێست وەرگرتن بە یەکێتی و ڕاوێژکردن دژبە هەموو تاقیکردنەوە و مەترسییەکان بە تیرۆریزمیشەوە بەرامبەر خاکی ناتۆ، بریارە جەخت لەسەر گرنگی هەماهەنگیی ئەورووپاو ئەتڵەسی بکرێتەوە.

چاوەڕوان دەکرێت لە کۆتایی لووتکەکەدا "بەیاننامەی لەندەن" پەسەند بکرێت.

لە ڕووی سەربازییەوە بەهێز و لە ڕووی سیاسییەوە لاواز

سکرتێری گشتیی پێشووی ناتۆ، ئەندرێس فۆگ ڕاسموسن لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی THE TIMES ئاماژەی بەوە کرد کە لووتکەکەی لەندەن دووگیانە بە گرژییەکان. ئەندرێس فۆگ ڕاسموسن سنووردارکردنی دانیشتنی فەرمی لووتکەکە کە سبەی چوارشەمە سازدەکرێت بە سێ کاتژمێر و تەرخانکردنی تەنها چوار خولەک بۆ هەر سەرکردەیەک بۆ گوتاردان بە ئەگەری گرژی بەستەوە و ئاماژەی بەوە کرد کە لە هەلومەرجی ئاساییدا لووتکەکانی ناتۆ چەند ڕۆژێک دەخایەنێت. سکرتێری گشتیی پێشووی ناتۆ، ئەندرێس فۆگ ڕاسموسن ئەوەیشی خستەڕوو کە ڕاگرتنی لووتکەکەی لەندەن بۆ کەمترین ئاست لاوازی پەیمانەکە نیشان دەدات و گوتی: ناتۆ لە جەنگی ساردەوە تا ئێستا لە ڕووی سەربازییەوە بەهێزترینە، بەڵام پەیمانەکە لە ڕووی سیاسییەوە لاوازترە.

فاکتەری ترەمپ

خاڵێکی دیکەی گرژیی لە لووتکەکەدا ئەو هەڵوێستەیە کە چاوەڕوان دەکرێت سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالْد تەرەمپ بیگرێتە بەر. تەرەمپ پێش ئەوەی پۆستی سەرۆک بگرێتە دەست هەڵوێستی نەرێنی خۆی

بارودۆخی ناجێگیریی عێراق و پرسە سیاسییەکانی هەرێم و بەغدا لە نێوان بەرپرسی پەیوەندییەکان و یونامی تاوتوێکران



دوێنێ عەلی حسین بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دێموکراتی کوردستان بە ئامادەبونی ئەندامانی مەکتەب، پێشوازی لە (ماریبە کۆپریس) بەرێوبەری کاروباری سیاسی یونامی لە عێراق و شیرزاد حسێن راوێژکاری سیاسی لە نوسینگەی یونامی لە هەولێر کرد. لە دیدارێکدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی پەختەیەکی لەسەر رەوشی ناجێگیری سیاسی عێراق و پرسی خۆنیشاندانەکان و هەنگاوەکانی دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆک وەزیران و نەمانی مەتمانەی خەڵک بە حکومەتی عێراق لەبۆشایی کارەساتی خزمەتگوزارییەکان و کۆژرانی خەڵک و دەستخستنە نێو خۆپیشاندانەکان بەدرێژی خستەروو، دواتر ئاماژەی بە هەوڵەکانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆک کۆمار و لایەنە سیاسیەکان و پێکهاتەکانی کوردستان بۆ ئەم بارودۆخە هەستیارە بەردەوامن لەگەڵ لایەنی عێراقی و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ باشترینی رەوشەکە. هاوکات باسی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێم بەغداو دۆزینەوەی چارەسەرو گفتوگۆ بۆ تەواوی کێشەکان و گەیشتن بەرێکارەکان چەند رۆژە هەردووشاند گفتوگۆی لەسەر دەکەن، کرا. لە کۆتایی دیدارەکەدا شاندی یونامی تەئکیدیان کردەوە هەرشتێک لە پێناو سەقامگیری و ئاشتی لە هەرێمی کوردستان و بەغدا بێت هەوڵی جدی دەدەن.

دزەکانی گۆڕستان دەستگیرکران

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: دوای زانینی بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی ڕاستی، بەبوونی دیاردەیەکی دزیکردن لە گۆڕستانی کارگەی قیر، پۆلیس هەڵسا بە بەدواداچونی کردن بۆ زانینی ئەم دیاردەیە کە ئاگادارکرابوونەوە، دوای وەرگرتنی زانیاری و پشتبەستن بە کامێرای چاودێری توانرا ناسنامەی دوو تۆمەتبار ئاشکرابکرێت و بە هاوکاری لەگەڵ بەشی پۆلیسی شارەوانی دەستگیر بکرێن. تۆمەتباران دوای دەستگیرکردنیان دانیانا بەتاوانەکەیان کەوا هەڵسابوون بە دزینی (١٢) تانکی ئاو لە گۆڕستانی کارگەی قیر. پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ ڕێکخرا و ڕەوانەی بەردەم دادوەر کران و بەبەندکردنی هەردوو تۆمەتبار بەپێی مادەی (446)سزادران.

بەرپرسێ لقێ ئێک ل ڕەوشا ساخلەمیا پێشمەرگێ ئەیلولێ و کەسایەتیەکێ دهۆکێ دپرسیت



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقێ ئێک ب یاوەریا کارگێرێن لقێ سەرا هەر ئێک ژ زێنەل ڕێکانی و پێشمەرگێ شورەشا ئەیلول و گولانێ و هەروەسا کەسایەتیێ دهۆکێ ئەحمەد حەمید دا و بنێزیکی ڤە هایداری ڕەوشا تەندروستیاوان بو و هیڤی خواست هەر چ زیترە تەندروستیا وان بزڤرینە بەرێ و دیسان ئامادەبوونا خوە ژی بو هەر پێتڤییەکێ ژ بۆ چارەسەرکرنانەخوشیێن وان دیار کر، ژ بالّ خوەڤە هەر ئێک ژ وان سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کرن هەم ژ بۆ سەردانا وان و لێپرسینا ڕەوشا ساخلەمیا وانو ئەڤە ژی ئێش و نالین مە سڤک دکەن و هێزەکا دی دەنە مە بۆ سوبەهی.

بەرپرسی لقی دوو هەردوو ئامادەیی ڕزگاری و کوردستانی بەسەرکردەوە



دوێنێ، ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری ئاری نانەکەلی و سەنگەر کانەبی کارگێڕانی لق و موفەق پیرداو بەرپرسی لێژنەی ناوچەی ئاراس و هەڤاڵ فەرهاد بەرپرسی ڕێکخراوی مەشخەڵ، سەردانی ئامادەیی ڕزگاری کرد لە شاری هەولێر.

لەو سەردانەدا، ئاماژەی بە میژوویەکی زێڕینی ئامادەیی ڕزگاری کرد کە زۆرێک لە قوتابیەکانی بوون بە تێکۆشەری گەورەو کەسایەتی ناوداری شارەکە، جەختیشی کردەوە ئەو مامۆستایانەی ڕۆژانێک ئەو نەوە بە توانایەیان پێگەیاند،بوون بە ناوێکی پرشنگدار و ئەو مامۆستایانەی ئەوڕۆش خزمەت بە ڕەوتی زانست و پەروەردە دەکەن، هەر بەو بۆنەوە،بەرپرسی لقی دوو لۆگۆیەکی منارەی هەولێریان وەک ڕێزێک پێشکەش بە بەڕێوەبەری ئامادەیی ڕزگاری کرد.

هەر هەمان ڕۆژ، بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری کارگێڕانی لق و بەرپرسی لێژنەی ناوچەی ئاراس، سەردانی ئامادەیی کوردستانی کرد لە شاری هەولێر.

لەو سەردانەدا، بەرپرسی لقی دوو ستایشی بەڕێوەبەر و مامۆستایانی کرد کە توانیویانە میژووی پڕ لە شانازی زانستی و نیشنیمانپەروەری ئامادەیی کوردستان بپارێزن وەک ئەوەی لە پێشووتر کراوە لە پێگەیاندنی نەوەیەکی پڕ لە زانست و مەعریفەو تێکۆشەر. هەر بەو بۆنەوە بەرپرسی لقی دوو لۆگۆیەکی منارەی میژوویی هەولێری پێشکەش بە بەڕێوەبەری ئامادەیی کوردستان کرد و وێنەی یادگاری لەگەڵ بەڕێوەبەر و مامۆستایان و قوتابیان گرت.

هەولێر... بە بەشداریی وەزیری شارەوانی هەڵمەتێکی بەرفراوانی پاکڕاگرتنی ژینگە بەڕێوەچوو



دوێنێ هەڵمەتی خاوێنکردنەوە و پاکڕاگرتنی شاری هەولێر و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی ژینگەیی بە بەشداریی ڕاستەوخۆی ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار دەستی پێکرد.


هەڵمەتەکە لەلایەن سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر و بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بەو سەرۆکایەتییە ئەنجام دراوە و تێیدا وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بە یاوەریی بریکاری وەزیر و سەرۆکی شارەوانیی هەولێر و قائیمقامی ناوەندی هەولێر و سەرجەم بەڕێوەبەرانی سەر بە سەرۆکایەتیی شارەوانی بەشداریان تێدا کرد. سەرەتای هەڵمەتەکە لەبەردەم وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارەوە بۆ ناو بازاڕ بە بەشداریی کەنالەکانی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەنووسان دەستیپێکرد و دواتر وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بەشێکی قەڵای هەولێریشی بەسەرکردەوە، هەروەها سەردانی ناو بازاڕی قەیسەریی شاری هەولێریشی کرد و بە شێوەیەکی مەیدانی گفتوگۆی لەسەر خاوێنکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی هەندێ بەشی بازاڕەکە کرد کە پێویستییان بە خاوێنکردنەوە و نۆژەنکردنەوە هەیە. هەڵمەتەکە لە کاتژمێر 9ی سەرلەبەیانی دەستپێکرد و بۆ ماوەی دوو هەفتەش بەردەوامی دەبێت بە مەبەستی هۆشیاریی ژینگەیی و پاراستن و ڕێزگرتن لە ژینگەی هەرێمی کوردستان.

هەولێر... ڕۆژی جیهانیی کەمئەندامان بەڕێوەچوو



لە ڕێورەسمێکدا بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی کەمئەندامان، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکوومەتی هەرێم خەڵاتی ڕێزلێنانی بە ژمارەیەک کەمئەندام بەخشی. وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە حکوومەتی هەرێم، کۆیستان محەمەد ئامارژەی گوتی: ئێمە وەکو وەزارەت لە پلانماندایە کار بکەین بۆ باشکردنی بارودۆخی ژیان و گوزەرانی کەمئەندامان و لەو چوارچێوەیەشدا پێشنیازمان کردووە کە کەمئەندامان لە ڕسوماتی خوێندن ببەخشرێن، هەروەها بەخشینیان بەڕێژەی 50 لە نەخۆشخانە حکوومییەکان و بەخشینیان بەڕێژەی لەسەدا 50 لە نەخۆشخانە تایبەتەکان. لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتیشی: بۆ یەکەمجارە لە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کە خاڵێک تایبەت کراوە بە کەمئەندامان بۆ بەزرکردنەوەی توانا و بەڕێوەبردنی ولّات و ئەمەیش ئومێدبەخشە بۆ ئەوەی خاوەنپێداویستییەکان زیاتر خزمەتی ولّات بکەن و دواڕۆژێکی پڕشنگداریان هەبێت. لە ڕێورەسمەکەدا چەندین گۆرانی و سروود پێشکەش کران و دواتر وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی ڕێزلێنانی وەزارەتەکەی بەسەر سەندیکا و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە کەمئەندامان و ژمارەیەک خاوەنپێداویستی تایبەت دابەش کرد.

پرۆژێ یەکا چارەسەرکرنا ئاڤاگران بو سێ کەمپا و خوجهێن دهۆکێ هاتە ڤەکرن



پارێزگەهێ وهەموو لایەنێن دن کر کو ئەڤ پرۆژێ گرنگ بجهـ ئینایە.

هەروەسا تەکەزکر کو پرۆژێن چارەسەرکرنا ئاڤا گران مفایێن خوبێن باش هەنە ژرویێ تەندورستی و بو کەرتێ چاندنێ هەروەسا بوپاقژ راگرتنا ژینگەهێ وخواست کو حکومەتا هەرێمێ و ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانیا وسەروکاتیا باژێرڤانیا دهۆکێ بیرێ ل چێکرنا ڤان جورە پروژا بکەن وئاریشا ئاڤا گران چارەسەرکەن.

پاش نونەرێ ڕێڤەبەریا باژێرڤانیا رونکرن دانە سەر پروژەی وگرنگیا وی بو چارەسەرکرنا ئاڤا گران. پاش پروژە ب ڕەنگەکێ فەرمی هاتە ڤەکرن و گەریانەک ل ئاڤ هاتە کرن.

هەژی گوتنێ یە پروژە ل سنورێ ناحیا فەیدیێ ل سەر 20 دونەمێن ئەردی هاتیە دورستکرن و 4 گولیێن ئاڤێ یێن مەزن بو چارەسەرکرنا ئاڤا گران هاتینە چێکرن وئاڤا گران ب تانکا دێ هێتە ڤەگوهاستن، پرۆژەی شیان هەنە ڕۆژانە (1000هەتا 1100)مترێن سێ جار یێن ئاڤا گران چارەسەرکەت و ئاڤ وزبلێ دمینیت بو چاندنێ دێ هێتە ب کارئینان، پروژە ب پشتەڤانیا دارایی یا ڕێکخراوا (GIZ) یا ئەلمانی ب کۆژمێ ئێک ملیون یورویا هاتیە چێکرن، ل قوناغا ئێکێ خەلکێ کەمپێن دومیز ئێک ودومیز دوو وکەمپا خانکێ دێ مفای ژێ بینن ول قوناغا دووێ خەلکێ خوجهێن باژێرێ دهۆکێ وەدەروبەران دێ مفای ژێ وەرگرن.

دهۆک بە سیستەمی زیرەک بەستراوەتەوە، بەڵام هێشتا پرۆژەکە لە قۆناغی سەرەتاییدایە و بڕیارە هەموو پارێزگای دهۆک بگرێتەوە، ئەویش بۆ کۆنترۆڵکردنی کارەبای نیشتیمانییە. ئەندامەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک دەشڵێت: ئێمە وەک ئەنجوومەنی چاودێریی کارەکانی حکوومەت دەکەین لە دهۆک و جێبەجێکردنی پرۆژەی پێوەری زیرەکیش، کاریگەریی خۆی دەبێت لەسەر ڕەوشی کارەبا، بە تایبەتی ئەوانەی بڕیارە لە ماوەی هەژدە مانگدا پرۆژەی پێوەری زیرەک لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێت، لە سنووری پارێزگای دهۆکیش پڕۆسەی دانانی پێوەری زیرەک بۆ کۆنترۆڵکردنی کارەبا بەردەوامە. عەبدولکەریم چەمانکی، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: لە سنووری پارێزگای دهۆک پرۆسەی بەستنی پێوەری زیرەک دەستی پێکردووە و نزیکەی 10%ی کارەبای دوێنێ، ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری ئاری نانەکەلی و سەنگەر کانەبی کارگێڕانی لق و موفەق پیرداو بەرپرسی لێژنەی ناوچەی ئاراس و هەڤاڵ فەرهاد بەرپرسی ڕێکخراوی مەشخەڵ، سەردانی ئامادەیی ڕزگاری کرد لە شاری هەولێر.

لەو سەردانەدا، ئاماژەی بە میژوویەکی زێڕینی ئامادەیی ڕزگاری کرد کە زۆرێک لە قوتابیەکانی بوون بە تێکۆشەری گەورەو کەسایەتی ناوداری شارەکە، جەختیشی کردەوە ئەو مامۆستایانەی ڕۆژانێک ئەو نەوە بە توانایەیان پێگەیاند،بوون بە ناوێکی پرشنگدار و ئەو مامۆستایانەی ئەوڕۆش خزمەت بە ڕەوتی زانست و پەروەردە دەکەن، هەر بەو بۆنەوە،بەرپرسی لقی دوو لۆگۆیەکی منارەی هەولێریان وەک ڕێزێک پێشکەشی بە بەڕێوەبەری ئامادەیی ڕزگاری کرد.

هەر هەمان ڕۆژ، بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری کارگێڕانی لق و بەرپرسی لێژنەی ناوچەی ئاراس، سەردانی ئامادەیی کوردستانی کرد لە شاری هەولێر.

لەو سەردانەدا، بەرپرسی لقی دوو ستایشی بەڕێوەبەر و مامۆستایانی کرد کە توانیویانە میژووی پڕ لە شانازی زانستی و نیشنیمانپەروەری ئامادەیی کوردستان بپارێزن وەک ئەوەی لە پێشووتر کراوە لە پێگەیاندنی نەوەیەکی پڕ لە زانست و مەعریفەو تێکۆشەر. هەر بەو بۆنەوە بەرپرسی لقی دوو لۆگۆیەکی منارەی میژوویی هەولێری پێشکەش بە بەڕێوەبەری ئامادەیی کوردستان کرد و وێنەی یادگاری لەگەڵ بەڕێوەبەر و مامۆستایان و قوتابیان گرت.

دهۆک... 10%ی پڕۆژەی پێوەری زیرەک جێبەجێکراوە

کارەبایان بە زیدەڕۆ ڕاکێشاوە، ڕێگرییان لێ دەکرێت. پەیوەست بە سەرپێچییەکانیش، چەمانکی ڕوونی کردەوە: بێگومان لە دهۆکیش هاوشێوەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان خەڵکێک زیدەڕۆیی کردووەتە سەر کارەبای نیشتیمانی، بەڵام هیچ ئامارێکی دروستمان نییە چەند کەس سەرپێچییان کردووە و لەلایەن تیمەکانی کارەباشەوە ڕێکاری یاسایی بەرامبەر سەرپێچیکاران دەگیرێتە بەر.

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/12/4 ژمارە (5885)

بەبێ جیاوازی سەرپێچیکاران بەتوندی سزا دەدرێن

پێویستە هەموو مااڵێک پێوەری کارەبای ماڵەکانیان بپشکنن و لە دڕووستی پێوەرەکانیان دڵنیابنەوە

لە سەرەتای ساڵی تازە هەڵمەتێکی فراوانی بڕینی سەرپێچی دەست پێدەکات



خەبات: هاوار موڕتکەیی

کارەبا ئەو کێشە بەردەوامەی دەیان ساڵی رابردوو تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت نەتوانراوە چارەسەری بنەڕەتی بۆ بدۆزرێتەوە و هەمیشە بۆتە جێی گلەیی هاوواڵتیان و بەشێوەیەک ئەو بڕوایە لایان دڕووست بووە کە مەحاڵە لەدەست نەبوونی کارەباوە رزگاریان بێت، لەم سۆنگەیەشەوە کابینەی نێمەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سێکتەری کارەبای لەپێشینەی کارەکانی داناوە کە بتوانێت کێشەکانی چارەسەر بکات، دیارە هەر لەگەڵ دەستبەکاربوونیشییەوە هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی دەستپێکرد و ئەویش بەتەرخانکردنی بوودجەیەک بۆ تەواوکردنی پرۆژە جێماوەکان و هەروەها گرتنەبەری چەندین ڕێگای دیکە.

پرۆژە ستراتیژییەکە چییە و چۆنە..؟

پێوەری زیرەک کە بەپرۆژەیەکی ستراتیژی وەزارەتی کارەبا دەژمێردرێت، ماوەیەکە کەوتۆتە واری جێبەجێکردنەوە و سەربەری چەند کێشەیەکی تەکنیکی، بەاڵم تا ئێستا ئەو پرۆژەیە قۆناغێکی باشی بڕیووە، بەتایبەتیش لەشاری هەولێر، لەپاڵ ئەمەش بەرنامەیەک داڕێژراوە بۆ بنبڕکردنی زیادەڕۆیی سەر تۆڕەکانی کارەبا، کە ئەمە هۆکارێکی سەرەکی بووە لە پچڕپچڕی کارەبا و زیان گەیاندن بە تۆڕ و محاویلەکانەوە، بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتی کارەبا بەهاوکاری پارێزگای هەولێر دەرفەتی مانگێکیان دا بەو هاوواڵتیانەی کە سەرپێچیان لە کارەبا کردووە یان بەبێ پێوەر کارەبایان ڕاکێشاوە، یاخوود دوو سەرچاوەی کارەبایان هەیە، لەو ماوەیەدا سەردانی فەرمانگەکانی فرۆشیاری وزەی کارەبا بکەن بەمەبەستی لابردنی سەرپێچییەکان، بێ ئەوەی سزا بدرێن.

جیاوازی لەنێوان سەرپێچیکاران ناکرێت

سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێرەوە بۆ خەبات ئاشکرای کرد کە بۆ زیاتر بەرچاوروونی هاوواڵتیان و زیاتر ڕوونکردنەوە، ئاگادارییەکیان بااڵوکردۆتەوە بۆ ئەوەی دوای تەواوبوونی ئەو وادەیە، گلەیی ئەوە نەکرێت لە بڕینی کارەبا و سزادانی سەرپێچیکار، بەپێ 2/ 1/2020هەڵمەتێکی فراوانی بڕینی سەرپێچی بەهەماهەنگی نێوان وەزارەتی کارەبا و وەزراەتی ناوخۆ و پارێزگای هەولێر کە پۆلیس و هێزەکانی زێرڤانی یاوەری تیمەکان دەکەن لەو هەڵمەتە و هیچ جیاوازییەکیش لەنێو ئەو کەسانە ناکرێت کە سەرپێچییەکانیان کردووە و ئەوانەیش کە لە ماوەی ئەو مانگەدا بەدەنگ بڕیارەکەوە نەچوون، ڕووبەڕووی سزای دارایی و سزای یاسایی دەبنەوە.

پێویستە هەمووان پێوەرەکانیان بپشکنن

لە ئاگاداریەکەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر جۆرەکانی سەرپێچی و پێکهاتەکانی سەرپێچیان دیاری کردووە و جەختیان لەوە کردۆتەوە، کە زۆر گرنگە هەموو بەشدارەوانی کارەبا پێوەرەکانیان بپشکنن تەنانەت ئەوانەی سەرپێچیشیان نەکردووە، بۆ ئەوەی لەکاتی ئەنجامدانی هەڵمەتەکەدا ڕووبەڕووی کێشە نەبنەوە.

دەقی ئاگادارییەکەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر:

خاڵی یەکەم: ئاگاداری هاوواڵتیان دەکەینەوە کە پێوەری کارەبایان بپشکنن و ئەگەر هەریەک لەم حاڵەتانەی خوارەوەی هەبوو سەردانی فەرمانگەی فرۆشتنی ووزەی کارەبای سنورەکەیان بکەن بە مەبەستی لابردنی حاڵەتەکان لە ماوەی 1/12/2019تا 1/1/2020کە دەبەخشرێن لە سزا و پێ بژاردن (غرامە) بە پێچەوانەوە دوای ئەو ماوەیە هەڵمەتێکی فراوانی بڕینی سەرپێچیەکانی سەر تۆڕەکانی کارەبا دەست پێ دەکات و هەریەکێک لەم حاڵەتانە لە پێوەرەکانیان ببینرێت لەلایەن تیمەکانەوە کارەباکەی دەبڕێت و ڕێکاری یاسایی بەرامبەر وەردەگیرێت و سزای مادی توند دەدرێت.

حاڵەتەکان :

1-پێوەری کارەبا دەستکاری کرابێت یاخود جامەکەی شکابێ یاخود مۆری سەرەوە و خوارەوەی پێوەر دەستکاری کرابێت.

2-بێ پێوەر کارەبا ڕاکێشرابێت.

3-کارەبا لە ژێر پێوەر ڕاکێشرابێت.

خاڵی دووەم: ئاگاداری ئەم هاوواڵتیانە دەکەینەوە کە هەر پێکهاتەیەکیان (خانوو ، بیری ئاو ، کارگە... هتد) بە سەرپێچی (بێ مۆڵەت) دروست کردووە و دەیانەوێت کارەبای نیشتیمانی بۆ پێکهاتەکە ڕابکێشن ، لە ماوەی نێوان 1/12/2019 تا 1/1/2020سەردانی هۆبەی یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای سنورەکەیان بکەن بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕێکارە پێویستەکان ، بە پێچەوانەوە دوای ئەو ماوە دیاری کراوە بە هیچ شێوەیەک کارەبا نادرێت بەم جۆرە پێکهاتانە کە بە سەرپێچی دروست کراون.

خاڵی سێیەم: ئاگاداری هاوبەشانی کارەبا لە پۆلەکانی (کشتوکاڵی ، بازرگانی ، پیشەسازی) دەکەینەوە کە قەرزای کرێ ی کارەبان بە زووترین کات سەردانی فەرمانگەکانی فرۆشتنی ووزەی کارەبا بکەن بە مەبەستی دانی قەرزەکانیان بە پێچەوانەوە لەلایەن تیمەکانی بڕینی کارەباوە کە لە ئێستادا هەڵمەتێکی فراوان دەستی پێ کردووە کارەباکەیان دەبڕێت.



لێکەوتەکانی کارکردنی منداڵان لە شەقام و بازاڕەکاندا

منداڵێک: نیوەڕۆیان دوای دەوامی قوتابخانە دێمە بازاڕ کاسبی دەکەم و زۆریش سەختە

ڕاپۆرت: هاوکار کەڵهوڕی

بەپێی یاسا و لە ماددەی 19ی مافەکانی منداڵان هاتووە کە (نابێ منداڵ لە ماڵ دوورکەوێتەوە و هەڵبقۆزرێتەوە بۆ بواری ئابووری) ، کەچی بازاڕ و ترافیک و شەقامەکان پڕن لە منداڵی سوارچاکەر و تەنانەت کرێکاریش، کە وێڕای لایەنە یاسایی و مرۆیی و ویژدانییەکەی، سیمایەکی زۆر ناشرینیان بە بازاڕ و شەقامەکان بەخشیووە، لەگەڵ ئەوەیشدا ڕەنگە سەختی بژێوی ژیان ئەو منداڵانەی ناچار بە کارکردن کردبێت، زۆربەی ئەو منداڵانە، دایک و باوکیان خەریکی کاسبی و دابینکردنی داهاتی ژیانیانن.

بە ناچاری کار دەکات

عەبد منداڵێکی 10ساڵانە لە بازاڕی شێخەڵای هەولێر بە عەرەبانەیەکی دەستی، چاوی لەوەیە کەلوپەلی خەڵک هەڵگرێ و لە ئێوارێ. هەروەها ئەو منداڵە زیاتر گوتی: ڕاستە کاسبی زۆر هیلاکم دەکات و بۆ من سەختە، بەاڵم ناچارم ئەم کارە بکەم، چونکە باری دارایی ماڵەوەمان وەک پێویست نییە.

بەرانبەر کرێیەکی زۆر کەم بۆی بگوازێتەوە تا ناو ئوتومبێل یان ئەو شوێنەی کەسەکە دەیەوێت، عەبد دەڵێت: نیوەڕۆیان دوای دەوامی قوتابخانە دێمە بازاڕ کاسبی دەکەم تا دوای بانگی ئێوارێ. هەروەها ئەو منداڵە زیاتر گوتی: ڕاستە کاسبی زۆر هیلاکم دەکات و بۆ من سەختە، بەاڵم ناچارم ئەم کارە بکەم، چونکە باری دارایی ماڵەوەمان وەک پێویست نییە.



پارێزەرێک: کاتێک شەقام پەروەردەی منداڵ دەکات، ئەم منداڵە تووشی لادانە کۆمەاڵیەتییەکان دەبێت

باری داراییان باش نییە

زینەب منداڵێکی دیکەی 10ساڵان بوو، کە بە گۆرەوی فرۆشتن خەریک بوو، بەوپەڕی بێتاقەتی و بێ ڕەنگییەوە قسەی بۆ کردین و گوتی: من پۆلی سێیەمی بەڵام بەهۆی کارەکەمەوە ناتوانم بەم مافانەم شادبم.

حەزم دەکرد یاریم بکردایە

عەبدوڵاڵ کە تەمەنی 12 ساڵ بوو کاری چاویلکە فرۆشی دەکرد، ڕۆژانە بەو کارە خەریکە، لە 12ی نیسانەوە تاوەکو دوای بانگی ئێوارە لەدەرەوەیە، بە قسەی خۆی ئەویش بەهەمان شێوەو باوکی هەمان کاری دەکرد، عەبدوڵاڵ دەڵێت: حەزم دەکرد ئەو کاتانەی دەوامی قوتابخانەم نییە وانەکانم بخوێنم و لەگەڵ هاوڕێکانم یاری تۆپی پێ بکەم، بەاڵم بەهۆی کاسبیەکەمەوە دەرفەتی ئەوەم نییە، چونکە گوزەرانمان ئەوە دەخوازێت منیش کار بکەم.

پارێزەر بەناز حەدێ گوتیشی: لە ڕاگەیاندراوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 1909بە دڕێژی باسی مافەکانی منداڵانی کردووەو قەدەغەی کارکردنی کردوون. هەروەهاش بە پێی یاسای چاودێری نەوجەوانان و یاسای کار کە ئێستا بەرکارن لە کوردستان، قەدەغەی کارکردنی منداڵانی کردووە، بە پێی یاسای ڕووبەڕووبوونەوەی تونددوتیژی خێزانی ماددەی (دووەم) خاڵی 9تێیدا هاتووە، ناچارکردنی منداڵان و سوالکردن و وازهێنان لە خوێندن بە تونددوتیژی خێزانی دادنرێت.

کارکردن لەسەر ئەم دیاردەیە


ئەو پارێزەرە زیاتر ئاماژە بۆ دەکات و دەڵێت: لەبەر ئەوەی منداڵ بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگەیە و سەرمایەیە بۆ وڵات، پێویستە پەروەردەیەکی تەندروست و هۆشیارانە هەبێت بۆیان، بۆ دڕوستکردنی وڵاتێکی مۆدێرن، بۆیە پێویستە لایەنی پەیوەندیدار و داموودەزگاکانی حکوومەت و ڕێکراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیاکان، بە باشی کار لەسەر ئەم دیاردەیە بکەن.

شەقام پەروەردەی منداڵ دەکات

پارێزەر بەناز حەدێ ئاماژەی بە کاریگەریە دەروونییەکانیش کرد و گوتی : بە دڕێژایی مێژووی مرۆڤایەتی منداڵ بووەتە قوربانی دەستی گەورەکان، خراپ ڕەفتارکردن لەگەڵ منداڵان بە کێشەیەکی کۆمەاڵیەتی و تاوانێکی سەردەم سەیر دەکرێت. ئەگەر چاوێک بە شەقامەکانی کوردستاندا بخشێنرێت، دەبینی هەزاران منداڵ کاردەکەن، زۆرێک لەم کارانە گەورەکانیش نایکەن، ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری ئابووری و کۆمەاڵیەتی و پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و سیاسی لە پشتە. کارکردنی منداڵ شوێنی پەروەردەکردنی گرتۆتەوە، کە ئەمەش مەترسییە بۆسەر ئاسایشی خێزان و کۆمەڵگە و بۆتە هۆی بێبەشکردنی منداڵ لە گرینگترین مافەکانیان وەک (خوێندن و یاریکردن). کارکردنی منداڵ چەندین کاریگەری خراپی هەیە لەسەر منداڵ، جا چ جەستەیی یان دەروونی یان ئەقڵی بێت، هەروەها تووشی چەندین ڕووداوی نامۆدەبن وەک (سووکایەتی کردن و دەستدرێژی سێکسی).

ئەو یاساناسە لەدوایین قسەکانیدا گوتی: کاتێک شەقام پەروەردەی منداڵ دەکات، ئەم منداڵانە تووشی لادانە کۆمەاڵیەتییەکان دەبن وەک (جگەرەکێشان و نێرگەلەکێشان و ماددەی هۆشبەر) کە بەمەش لەداهاتوودا تاکی ناهۆشیارو لاساریان لێ دەردەچێت، لە ڕووی ڕەفتار و بیرکردنەوە، زۆرجار تووشی کاری تاوانکاری دەبنەوە وەک (دزین و کوشتن و بەدڕەوشتی...هتد). بۆیە زۆر پێویستە پەرلەمان و حکوومەت هەڵسن بە دارشتنی ستراتیژیەتی نەهێشتنی کارکردن، کە تایبەت بێت بە قەدەغەکردنی کارکردنی منداڵ، چەندین بەندی یاسایی لە خۆبگرێت، سیفەتی پابەندبوون و سزایی لەسەر بێت و ڕۆڵی حکوومەت لە دابین کردنی سەرچاوەی ئابووری مالە هەژارەکان و ئاسانکاری لە خوێندنی منداڵەکانیان دیاری بکات.

جۆر و هۆکارەکانی تووندوتیژی لە ڕوانگەی ئافرەتانەوە



ژیلا کەریمی

هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی و خەڵاتی دەزگای ڕوانگە

ئافرەتانی کۆمەڵگە سنووردار بکەن. بیانکەنە ژێرچەپۆکە و بچوکیان بکەنەوە. سوکایەتیان پێبکەن. وابکەن کە گەورەترین ئاواتیان هاوسەرگیری و گەورەترین هونەریان چێشت لێنان و درومان بێت. تووشی بەڵایەکیان بکەن تا لە کۆمەڵگە بترسن. وەها تووی بیرکردنەوەیەک لە بیری باوکانیان بچێنن تا ئەو باوەڕە لایان دروست بێت کە دەبێت کچەکانیان لە قەفەسدا پەروەردە بکەن. پەرتووک، زانست و قەڵەم و چەکوچ لە کچەکانیان وەربگرن و لە بری ئەوان کەوگیر و دەرزی و ئینجیل بدەنە دەستیان. وا لە گەنجەکان بکەن کە لە ڕەگەزی بەرامبەر دوور بن، بەڵام تەواوی بیریان لایان بێت. هەر کەس بۆ ئازادی و رزگاری ئافرەت هەوڵیدا بە بەندەی شەیتان و دوژمنی خوا ناوزەدیان بکەن کە ئەو دوژمنی ئێمەیە و ئێمە خوای ئەو جیهانەین. من دڵنیاتان دەکەمەوە ئەگەر هەزار سااڵیش بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەدا تێپەڕێت، ناتوانێت پێش بکەوێت.

(وەرگیراو لە پەرتووکی چۆن جیهان بەڕێوەبەرین"ی وینستۆن چەرچڵ) ئەو نووسراوەی چەرچڵم لە ئان و ساتەدا کەوتە بەرچاو کە بە گشتی لە کوردستان ئافرەتانی چاالکوانی بواری ئافرەتات و دەزگاکانی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی سەرقاڵی بەڕێوەبردنی هەڵمەتی 16ڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژ بە ئافرەتانن. کە تۆزێک وردتر بوومەوە بینیم هەموو چاالکییەکان لە خستنەڕووی ئامارەکان و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوە و دەزگا و یاسای پەیوەست کۆبۆتەوە.

لە الیەکیتر هەر لەو هەفتەیە دەزگای ڕوانگە لاوانی بەهرەمەنی ئەم هەرێمەی خەاڵت کرد کە بە شێوەیەک خاوەن توانا و داهێنان و بیرۆکەن. ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا ژمارەی زۆری کچانی گەنج لە نێو ئەو بەهرەمەندانەدا بوو. لە هەر بوارەو لە سێ کەسی یەکەم یەک یان دوو کەس کچ بوون کە زۆر بووە جێی شانازی بو من و هەر ئەوەش وایکرد تا کۆتایی بەرنامەکە چاوڵێبکەم. بەاڵم ئەوەی مەبەستی منە لەو دوو ڕوداوە و ئەو هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی من بۆ ئەو بابەتانە بەمشێوەیەیە کە پێموایە ئەگەر هەوڵەکان بە گشتی چڕبکەینەوە لە پێگەیاندنی کچانی ئەو وڵاتە، واتا بە یاسا کارئاسانی بۆ خوێندن و لێکۆڵینەوەیان بکەین، دەزگا و شوێنی تایبەت بۆ پرۆژە و پێگەیاندن بکرێتەوە و هەموو فۆکسەکان بخرێتە سەر پێگەیاندن و پاڵپشتیان، ئەوا خۆی لە خۆیدا ڕێژەی تووندوتیژی کەمدەبێتەوە. واتا ئێمە کۆمەڵگەیەکی نەخۆشمان هەیە کە تەنیا هەوڵ بۆ چاککردنەوە ئافرەت نەخۆشەکان دەدەین و شوێن و پارە و توانا بۆ باشبوونەوەیان تەرخان دەکەین. لە حاڵێکدا گەر بە پێچەوانەوە لەسەرەتاوە پێش لە نەخۆشییەکە بگرین و هەوڵی بۆ خۆپاراستن و پێگەیاندن بدەین ئەوا بێشک کچێکی گۆشکراو بەو پەروەردەیە ئیزن نادات ڕووبەڕووی تووندوتیژی بێتەوە. ئەو کوڕ و پیاوانەی کە ئافرەتێک لە هاوشانی توانای خۆیان دەبینن بەخەبەردێنەوە کە ئیتر نەک ناتوانن بەربەست بخەنە سەر ڕێیان بەڵکو گەر ئاگەدار نەبن لەو ڕەوتە پێشکەوتنە دوادەکەون و ئینجا لەبری ئەوەی بە ئیهانە و سەرکۆنەکردنی ئەو ڕەگەزەوە خەریک بن هەوڵدەدەن خۆیان پێبگەیەنن. هیوادارم پاڵنی داهاتووی چاالکوانان ئاڵوگۆڕی بەسەردابێت و شایەتی ئەنجامی ئەرێنییەکانی ئەو گۆڕانکارییە بین.




کورتە عومەر:

بەهۆی کارایبوونی هێڵی گەرمی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی تا ئێستا نزیکەی 8000 کەس پەیوەندی بە هێڵی گەرمەوە کردووە و لەم ژمارەیەش 1850 یان پیاو بوون



پەروین حەسەن:

ئەمساڵ جیاوازتر لە ساڵانی ڕابردوو هەڵمەتەکەمان ڕاگەیاندووە، لەژێر دروشمی نەهێشتنی جیاکاری و توناسازی و بەشداریی کارای ئافرەتان



ئاڤان فارس جاف:

مەترسیدارترین جۆر ئەوەیە کە بەبێدەنگی تێدەپەڕێت ئەویش هەراسانکردنی سێکسییە

بەرامبەربە ئافرەتان کە بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادیکردووە

سااڵنە ئامار و ڕێژە و جۆرەکانی تووندوتیژی گۆڕانکاریان بەسەردادێت، بەاڵم ئەوەیکە جێی ڕامان و سەرنجە ئەوەیە کە هۆکارەکان و ڕێکارەکان چین و دەبێت حکومەت و ڕێکخراوەکان چی بکەن. بێشک ئەمە کارێکی گشتگیر و هەمە الیەنەیە و گەر بمانهەوێت ئامارەکان دابەزێت دەبێت هەنگاوی هاوبەش بنێین.

بەڕێوبەری گشتی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژبە ئافرەتان لە وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کورە عومەر رایگەیاند؛ (ئەمساڵ بەراورد بە ساڵی ڕابردوو دەبینین کە ئامارەکان بە ڕێژەیەک کەمیکردووە بە تایبەتی جۆری کوشتن و خۆسووتاندن، لەگەڵ ئەوەش هەڵگری ڕابردوودا هێڵی گەرمی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژبە ئافرەتان کارا بوو، ژمارەیەکی زۆر پەیوەندی بەم هێڵەوە کراوە کە نزیکەی هەشت هەزار کەس پەیوەندی کردووە و لەم ژمارەیەش هەزار و **850**یان پیاو بوون، ساڵ بە ساڵ پلانی باشتر دادەنرێت، بەاڵم نابێت ئەوە لەبیر بکەین کە هۆکارەکانی تووندوتیژی زۆرن). کورە **عومەر لە درێژەدا هۆکاری سەرەکی تووندوتیژی دژبە ئافرەتانی گەراندەوە بۆ زۆربوونی چەک و گوتی:** (هۆکارەکانی تووندوتیژی بریتیین لە زۆربوونی چەک لە هەموو مااڵێک. سۆشیال میدیا کە بووەتە هۆکارێکی کاریگەر بۆ زۆربوونی تووندوتیژی، بۆیە پێویستە ڕاگەیاندنەکانیش زیاتر تیشک بخەنە سەر هۆشیارکردنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی دەکەین سکااڵکار و خەڵک زیاتر پەنا دەبەنە بەر دادگا کە ئەمەش کارێکی دروستە).



ئەندامی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، پەروین حەسەن ڕایگەیاند؛ (ئەمساڵ جیاوازتر لە ساڵانی ڕابردوو هەڵمەتەکەمان ڕاگەیاندووە، لەژێر دروشمی نەهێشتنی جیاکاری و توناسازی و بەشداریی کارای ژنان، ئەم هەڵمەتە بەبیرهێنانەوەی خەڵکە بۆ ئەوەی زیاتر بەشدارین لە کەمکردنەوەی تووندوتیژی و پێویستە جیاکاری ڕەگەزیی نەکرێت، ئەمساڵیش لەسەر ئاستی هەرێم و لەگەڵ ئاژانسەکانی یونێتن توانیوومانە کۆمەڵێک چاالکی ئەنجام بدەین". پەروین حەسەن لە درێژەدا گوتی: "یەکێک لە هۆکارەکانی تووندوتیژی، ڕەگەزە کە وەکو ژن سەیر دەکرێت، هۆکارێکی دیکە بابەتی داراییە کە ژنان وەکو پێویست بەشدارنەبوون لە بەڕێوەبردن، هەروەها تۆڕی کۆمەاڵیەتی کە کاریگەری نەرێنیی هەیە لەسەر تووندوتیژی، هۆکاری یاسایی کە هەندێکیان وەک پێویست جێبەجێ ناکرێن بەهۆی ئەو تێبینیانەی کە هەیە کە ئەوانیش پەیوەندیدارن بە دەستەبەرکردنی یەکسانی و مافی ئافرەتی کورد لە قۆناغە نوێکاندا، خستنەڕووی توناسازییەکانیان و بەرەوپێشبردنیان بۆ پۆستەکانی باڵای حکومەت و ئۆرگانە سیاسیەکان.

هەروەها وتاری لێژنەی ناوچەی هۆڵەندای پارتی دیموکراتی کوردستان لە الیەن عەلی هروری کارگێڕ پێشەشکرا و تێیدا وێڕای پیرۆزبایی خۆیان و ئەندامان، باسی لە میژووی ئافرەتانی کوردستان و بەشداریکردنیان لە هەر دوو شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و گوالنی نیشتیمانی و ئێستای کرد و ئاماژەی بە ئامارێک لە نموونەکانی ئافرەتانی کورد کرد. لە الیەن خاتوو چیمەن نەقشبەندی بەرپرسی کۆمیتەی پارتی ئازادی کوردستان و بەرپرسی ڕێکخراوی نینا لە ئەوروپا وتارێک خوێندرایەوە گوتی دیارە لە ماوەی 67ساڵی تەمەنیدا یەکێتی ئافرەتانی کوردستان چ لە سەردەمی شۆڕشی نەتەوەمان لە شاخ و چ پاش ئازادی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگی لە هۆشیاری ژناندا گێڕاوە و پێبەپێی پیاوان بەشداریان لە قۆناغە جیاوازەکاندا کردووە. هەروەها گوتی ئەمڕۆش لە باشووری کوردستان، ژنانی ڕیزەکانی پارتی ئازادی کوردستان پێبەپێی برا پێشمەرگەکانیان بەشدارن لە شەڕی دژ بەتیرۆریستان و لە پێناو پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی باشووری کوردستان، خوێنی ژنانی ڕۆژهەاڵت تێکەڵ بە خوێنی خوشک وبراکانیان لە باشوور بووە و شەهید نیگار حوسێنی یەکەمین کچە شەهیدی کورد بوو لە شەڕی داعشدا. لەالیەن شێرزاد یونس ڕۆژبەیانی بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی لە هۆڵەندا باسێکی لە پارت و ڕێکخراوە بیانییەکان کرد و پەیوەندییان لەگەڵیان و ئاوڕدانەوەیە بۆ میژووی بزاڤی ئافرەت لە هۆڵەندا و گونجاندنی ئافرەتانی کورد و ڕەنگدانەوەی چاالکییەکانیان لەگەڵیاندا زۆر بە وردی باسکرد و چەند سەرنج و تێبینی خستەڕوو کە بتوانن باشتر لەو پێناوەدا خزمەت بکەن. پاشان لەالیەن خاتوو سروە بەرزنجی بەرپرسی ئەنجومەنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەرلین / ئەڵمانیا وێڕای پیرۆزبایی خۆی و ئەندامانی بۆ یەکێتیەکەیان، باسێکی حکومەت و ئۆرگانەکانی پارتیدا بە فراوانی بینیوەتەوە. لە تەوەرێکی تردا لە ڕێگەی شاشە باسێکی تێروتەسەل لە میژوویی ئۆفیسی ئەوروپایی ئافرەتانی کوردستان کرا بە وێنە و پۆلێنکردنی ئەنجومەنەکان و زانیاری بەخشین دەرویش وتارێک پێشەشکرا کە ئاوڕدانەوەیەک بوو لە خەبات و بزاڤی ئافرەتانی جیهانی و کوردستانی کە لە پێناوی یەکسانی و جێنەدەری، ئافرەتانی کوردستان خەباتی خۆیان ئاوێتەی خەباتی خوێناوی نەتەوەیان کردووە بەهۆی داگیرکاری و بندەستی بزاڤی ئافرەتان لە خەباتی نهێنییدا بوون تاساڵی 1991و بە دواوە گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی تا ئافرەتی کورد ڕەنگدانەوەیان لە پۆستە باڵاکانی حکومەت و ئۆرگانەکانی پارتیدا بە فراوانی بینیوەتەوە. لە تەوەرێکی تردا لە ڕێگەی شاشە باسێکی تێروتەسەل لە میژوویی ئۆفیسی ئەوروپایی ئافرەتانی کوردستان کرا بە وێنە و پۆلێنکردنی ئەنجومەنەکان و زانیاری بەخشین لە بارەیانەوە. پاشان لەالیەن خاتوو فەزیلە شۆڕش بەرپرسی ئۆفیسی ئەوروپایی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ چەند کەساییەتییەک کە هەمیشە پاڵپشتی پرسی ئافرەتی کورد بوون لە تاراوگە خەاڵتی ڕێزلێنانی پێشکەشکردن، لە بەرێزان عومەر زاوێتەیی بەرپرسی لیژنەی ناوچەی هۆڵەندای پارتیمان و خاتوو عەقیلە ڕەواندوزی ڕۆژنامەنووس و چاالکوان و پەیمان بەرزنجی شاعیر و چاالکوان و ساسان دەرویش ڕۆژنامەنووس. لە تەوەرێکی تردا کە تایبەت بوو بە توناسازی ئافرەتێکی لێهاتووی پێشمەرگەی دێرین و خەباتی نهێنی شاخ و شار، خاتوو پەیمان بەرزنجی چاالکوان و ئەندامی ئەنجومەنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەندەن پایتەختی بەریتانیا میوان بوو بە خوێندنەوەی گوڵبژێرێک لە هەست و خۆشەویستی بۆ وشەی جوانی شیعر و بەرهەمەکانی ئارامێکی بەخشیە ئامادەبووان و پاشان لەالیەن هەریەک لە لەتیف عومەری شاعیر بە کۆمەڵێک شیعری ناسک بۆ ئافرەتی کورد لە قەسیدەیەکی درێژی بەرهەمەکانی و گوتنی هۆرەیەک لە ناخی دڵی پڕ لە کانیاوی بۆ شەهید و خەباتگێڕەکانی ئافرەتی کورد پێشکەشکرد و لەالیەن غەریب خورمالی شاعیری میللی کۆمەڵێک لە شیعرەکانی کە پەیوەست بوون بە دایک و ئافرەتی کورد و پێشمەرگە و کوردستان پێشکەشکرد و تاجە گوڵینەی ڕیزلێنانیشیان پێشکەشی لەتیف عومەر و غەریب خورمالی و چیمەن نەقشبەندی و سروە بەرزنجی و شوکریە کاوانی و شوعلە ڕەسول کرد. لە دوا تەوەریشدا لە ڕێگەی شاشە و پشتبەستن بەکۆمەڵێک زانیاری و وێنەی جۆراوجۆر لە خستنەڕووی بیری نەتەوەیی وچەسپاندنی لە هزروبیری نەوەکانی نوێ لە تاراوگە بچەسپێنن لە ڕیگەی کردنەوەی قوتابخانە و فێربوونی نەوەکانمان بە وانەی کوردی و فێربوونی زمانی دایکیان و ئاشناکردنیان بەمێژووی کورد و کلتور و دابونەریتی کوردەواری بۆ ئامادەبوان خستەڕوو. شایانی باسیشە کە تەواوی بۆنە و مەراسیمەکە لە چاوی کامێراکەی خاتوو تانگۆ ڕەسوڵ چرکێنراو بە ئەزموونێکی جوانی پرۆفیشینااڵ بوونە بەشێک لە میژووی ئافرەتانی تاراوگە.



هۆڵەندا... سااڵیادی دامەزراندنی 67 ساڵەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەرز ڕاگیرا

ڕۆژنامەی خەبات بە هۆی پشتگیرکردنی لە پرسی ئافرەتی کورد خەاڵتی ڕێزلێنانی پێبەخشرا

خەبات/ هۆڵەندا

بۆ بەرز و پیرۆزڕاگرتنی سااڵیادی دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و داگیرسانی 67مۆم لە تەمەنی ڕێکخراوەکەیان، ئۆفیسی ئەوروپایی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، بە دروشمی پشتگیری بەردەوامی بۆ پێشخستنی کوردستانێکی بەهێز و بڕوابوون بە یەکسانی جێندەر بە هەمەهانگی ئەنجومەنی هۆڵەندای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە شاری ئەڵمیرەی والتی هۆڵەندا، ڕێوڕەسمێکی شایستە ڕێکخرا.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ٢١٤٣٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٢

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Red Dragon)
بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Red Dragon) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)

لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/٢٤) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (احمد سعید محمود) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.

ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/٢

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (ارتیس) بۆ (بازرگانی گشتی / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

پاکتاوکەر / بیلا هوار مصگفی
ناڤ ونیشان / دهوك - K.R.O
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٩٠٧٤١٤

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (دلشاد) بۆ (بازرگانی / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

پاکتاوکەر / بهدین شهاب احمد
ناڤ ونیشان / دهوك - گری باصی
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٤٥٥٢٦١

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (دلشاد) بۆ (بەڵێندەرایەتی بیناسازی / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

پاکتاوکەر / بهدین شهاب احمد
ناڤ ونیشان / دهوك - گری باصی
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٤٥٥٢٦١

ووڵ بوون

وەکالەی عامە (بەناوی تحسین طە حسین) بۆ (کاروان طە حسین) ناسنامەی باری شارستانی لەگەڵ ڕەگەزنامەی عیراقی لەگەڵ مۆلەتی لێخورین لەگەڵ کارتی نیشتمانی بەناوی تحسین طە حسین وون بووە تکایە هەرکەسێ دۆزییەوە پەیوەندی بەم ژمارە مۆبایلەوە بکات ٠٧٥٠٤٥٢٣٧٤٨

* * *

ووڵ بوون

ناسنامەی کۆلیژی پەروەردەی هەولێر بەشی ماتماتیک میکانیک بەناوی ئامانج اسماعیل محمود وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

ووڵ بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای میلان گۆلد جۆری ئۆتۆمبێل هیوندای اکسینت ڕەنگ سور مۆدێل ٢٠١٧ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٥٢٧٢٢ کاتی سلیمانی ژمارەی شاصی: KMHCT٤AE٨HU٢٨١٢١٣ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

مديرية تنفيذ أربيل

العدد: ٢٠١٩/١٥٨٤
التاريخ: ٢٠١٩/١١/٢٥
الى المدين (احمد صباح جواد)

نظرا لمجهولية محل اقامتك وبموجب المادة (٤٣/الفقرة ٩) من قانون الأحوال الشخصية نقرر اعلامك عن طريق الجريدة الرسمية بتوجب حظورك امام هذه المديرية خلال مدة أقصاها (٦٠) يوما اعتبارا من تاريخ النشر وذالك لاداء الديون المترتبة بذمتك للدائنة (زبيدة مؤيد عباس) والمبالغ مجموعها (٦٢٥,٠٠٠) ستمائة و خمسة وعشرون الف دينار بعكسه ستم اتخاذ الإجراءات القانونية بحقك.

منفذ عدل
جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزه

* * *

محكمة بداءة ئاكرى

العدد /١١٦٦/ب/٢٠١٩
التاريخ /٢٠١٩/١٢/٢
الى / المدعى عليه (عبدالرزاق ياسين محمد رشيد)
ب/ اعلان

اقام المدعون كل من (لزكين وشاكر وخالدة ووحيدة اولاد ياسين محمد رشيد) الدعوى البدائية المرقمة اعلاه عليك امام هذه المحكمة يطلبون فيها ازالة شيوع العقار المرقم (٤٩٨/٦) مقاطعة (٩٥) لالەئی والمشاع بينك وبين شركاءك فيه لعدم الاستفاده منه من بقاءه على وجه الشيوع ولمجهولية محل اقامتك حسب اشعار مختار (ئاكرى/سوسنا) المرفق بكتاب مركز شرطة گولان المرقم (٥٠٨٢) في ٢٠١٩/١١/٢٥ قررت المحكمة تبليغك عن طريق النشر في جريدتين يوميتين محليتين بالحضور في اليوم المعين للمرافعة امام هذه المحكمة والموافق ٢٠١٩/١٢/١٢ استنادا للمادة ١/٢١ من قانون المرافعات المدنية وبعكسه ستجري المرافعة بحقك غيابيا واصدار القرار المناسب وفق القانون

القاضي / خالد عثمان يوسف

* * *

سەرۆکایەتی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی کۆلێجی تەکنیکی تەندروستی
ژمارە: ١٨١٥

زیادکردنی ئاشکرا

بانگەزاوی ژمارە (٢) تایبەت بە بەکرێدانی کۆشکی فۆتۆکۆپی کەمپی کۆلێجە تەکنیکیەکان

کۆلێجی تەکنیکی تەندروستی بۆ جاری دووەم ئاگاداری سەرجەم خاوەن فۆتۆکۆپی و لایەنە پسپۆرەکان دەکاتەوە کە هەڵدەستێت بە بەکرێدانی کۆشکی فۆتۆکۆپی کەمپی کۆلێجە تەکنیکیەکان (تەندروستی ، کارگێری ، ئەندازیاری، ئینفۆرماتیک) لە گەڕەکی چوارچرا بۆ ساڵی (٢٠٢٠) بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا (مزایدة علنية) لەبەرواری ٢٠٢٠/١/١ تاوەکو ٢٠٢١/١٢/٣١) هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە سەردانی (کۆلێجی تەکنیکی تەندروستی/ هۆبەی کارگێری (یاسایی) بکات لە گەڕەکی چوارچرا بەمەبەستی وەرگرتنی مەرجە گشتیەکان و ڕێنماییەکانی بەشداریکردن لە زیادکردنەکەدا بەم مەرجانەی خوارەوە:-

١- بەشداربوو پێویستە مۆڵەتی کارکردنی هەبێت و تازە کرابێتەوە لەلایەنی فەرمی پەیوەندار بەم کارە وە ئەگەر بەشدار بوو (بیانی) بوو مۆڵەتی کاری لەناو هەرێمدا هەبێت.
٢- بەشداربوو پێویستە مۆڵەتی کارکردنی هەبێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری و وەرزش و لاوانی سلێمانی وە تازەکرابێتەوە.
٣- پێویستە بەشداربوو ئەستۆ پاکی (باجی دەرامەت) بهێنێت.
٤- بەشداربوو ئەزموونی لەم کارەدا هەبێت یاخود کاری هاوشێوەی ئەنجام دابێت.
٥- پێویستە بەشداربوو بارمتەی یاسایی بەبڕێك کەمتر نەبێت لە (٢٠٪) کرێی خەملێنراو بەبڕی پارەی کاش بەپێچەوانەوە مافی بەشداریکردنی نابێت.
٦- پێویستە بەشداربوو خۆی یان نوێنەری ئامادەبێت بەپێچەوانەوە زیادکردنەکە بەردەوام دەبێت لە ڕۆژی دیاریکراودا.
٧- پێویستە تەندەر و هاوپێچەکانی لەناو زەرفی داخراودا بێت، وە لەسەر زەرفەکە ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆن بنوسرێت.
٨- هیچ تەندەرێك لە دوای بەرواری دەست نیشانکراو وەرناگیرێتەوە.
٩- ماوەی زیادکردنەکە بە کراوەیی دەمێنێتەوە بۆ ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دواتر لە بەرواری بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییەوە.
١٠- کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە و هەر خەرجیەکی تر دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەشداربووەی کە زیادکردنەکەی بۆ دەرئەچێت.

تێبینی/

١- زیادکردنەکە لە (کۆلێجی تەکنیکی تەندروستی) گەڕەکی چوارچرا ئەنجام ئەدرێت لە ڕۆژی (١٥) پازدەیەمین لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییەوە کاتژمێر ١٠ سەر لەبەیانی وە لەدوای ئەو کاتەوە هیچ بەشداربوویەکی تر مافی بەشداریکردنی نابێت.
٢- هەر ڕۆژێك بەر پشووی فەرمی بکەوێت ڕۆژی دواتر کارەکە ئەنجام ئەدرێت.

پ.ی.د. محمد بابکر مینه
ڕاگری کۆلێج

* * *

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

دعوة عطاء

لتصنيع ونصب كرفانات سكن لمكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون الاجئين في محافظة نينوى - مكتب برطلة - العراق

1- المتطلبات: يدعو مكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين في العراق – بغداد الشركات ذات الكفاءة والمسجلة أصولياً لدى الحكومة العراقية لتقديم عطاءها لتصنيع ونصب كرفانات سكن لمكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون الاجئين في محافظة نينوى - مكتب برطلة لصالح مكتب مفوضية الأمم المتحدة لشؤون الاجئين في بغداد.

رقم العطاء	تفاصيل المادة	يمكن الحصول على أوراق العطاء من خلال الرابط التالي:
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/477	لتصنيع ونصب كرفانات سكن لمكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون الاجئين في محافظة نينوى - مكتب برطلة لصالح مكتب مفوضية الأمم المتحدة لشؤون الاجئين في بغداد	https://www.ungm.org/Public/Notice/101045 كذلك يمكنك طلب أوراق العطاء من خلال إرسال إيميل الى IRQBASUP@UNHCR.ORG والرجاء كتابة رقم العطاء أدناه في إيميل الطلب HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/477

2- توقيتات مهمة:

الإجراءات	التاريخ والوقت – بتوقيت العراق
تاريخ طرح العطاء	2019/12/02
اخر موعد لإستلام الأسئلة / الإستفسارات للعطاء	2019/12/15 الساعة 23:59 بتوقيت بغداد
اخر موعد لإستلام العطاءات / تاريخ غلق العطاء	2019/12/30 الساعة 23:59 بتوقيت بغداد

ملاحظة : عطاءات مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين هي مجانية وليس هناك أي مبالغ تدفع مقابل الحصول على هذه العطاءات.
يمكنكم الحصول على أوراق العطاء من خلال موقع الأمم المتحدة للسوق العالمية ***UNGM*** أو من خلال إرسال طلب عن طريق الأيميل ***IRQBASUP@UNHCR.ORG***

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

REQUEST FOR PROPOSAL (RFP)

For manufacturing and installation of Accommodation Caravans for UNHCR Mosul Office in Bartella

1. Requirement:

The Office of the United Nations High Commissioner for Refugees (UNHCR) in Baghdad invites qualified companies to make a firm proposal for manufacturing and installation of accommodation caravans for UNHCR Mosul Office in Bartella.

Tender Reference Number	Tender Documents
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/477	The RFP document available at the link below for downloading: https://www.ungm.org/Public/Notice/101045 The RFP documents can also be requested by sending an email to: IRQBASUP@UNHCR.ORG Please quote reference HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/477 in the subject

2. IMPORTANT DATES FOR THIS RFP:

Calendar of Activities		
The above dates are tentative and may vary from actual dates, UNHCR will provide additional notice if needed		
No	Action description	Dates
1	Tender issuance	02 December 2019
2	Closing date for the clarifications	15 December 2019, 23:59 hrs Baghdad time
3	Closing date for submission of proposals	30 December 2019, 23:59 hrs Baghdad time

Note: UNHCR tenders are free of charge, no fees are charged to download the tender documents from the UNGM website

دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر
ژمارەی:٨٢١/ش/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/١٢
جارِدان
بۆ داواڵێکراو (شیلان رزا علی)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (ریدار کاك احمد حامد) داوای ژمارە ٨٢١/ش/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە، کەتیایدا داوای (تصدیق طلاق خارجی) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختارەکانی (تورەق) بۆیە دادگا بریاری دا کە پێت رابگەیەنرێت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی رۆژی ٢٠١٩/١٢/١٦ کاتژمێر (٩) بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشەمڵە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام ئەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ عبدالله عثمان خضر
* * *
پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ٣٢٤
ڕێکەوت: ٣/ ١٢/ ٢٠١٩
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (١٢٤)
پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەیێنێت بۆ پرۆژەی (چارەسەرکردنی بارزۆری فیدەری (١٢)ی بێستانە لە ناحیەی قوشتەپە/ قەزای دەشتی هەولێر/ پارێزگای هەولێر) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاربای هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی ١٨ / ١٢ / ٢٠١٩ دەبێت. وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا تایبەت بە کاربا لە پلەی (٩) کەمتر نەبێت و نوێ کراوە بێت..
- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان و بەڵێندەر.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە.
ئەندازیار/ طاهر عبدالله عثمان
ل. پارێزگاری هەولێر
* * *
ئاگاداری
بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر لەڕێگای لیژنەی زیادکردنی ئاشکرا (المزایدة العلنیة) هەڵدەستێ بە بەکرێدانی کۆشکی ژمارە ١ یەك لە پارکی (لیژانین) لەڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بۆ ماوەی ١ یەك ساڵ بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ی ساڵی ١٩٨٦ زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات کە دەکاتە ٣٠ یەمین ڕۆژ کە دەکەوێتە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢ لەناو دیوانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێ، جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتیمان بکات بۆ دانانی بارمتە (تأمینات)ی یاسایی، کرێگرتە و پارەی بانگکردن و بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی.
راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی
ئەندازەی پارکەکانی هەولێر
* * *
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ١٣٦/ج/٢٠١٩
ڕۆژ: ٢٠١٩/١٠/١٦
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (ڕێبوار خالد محمد فاتح)
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢) لەیاسای قەدەغەکردن و خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/١/٢٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / جمال صدرالدین علی
* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە / ٨٨٦٤
ڕێکەوت / ٢٠١٩/١٢/٢
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (کادان) بۆ بازرگانی ئامێری دەرمانی ئاژەلی و کشتوکاڵ/ سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ ماددەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

ئاگەهداری
ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (گروپ مللەت) بۆ (بەڵێندەرایەتی بیناسازی / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
پاکتاوکەر / جودت جلال محمد
ناڤ ونیشان / دهوك - مالطا
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٧٥١٣٤٠٣

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە / ٨٨٨٣
ڕێکەوت / ٢٠١٩/١٢/٣
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (تاك)
دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (صالح محمد حمە صالح) بۆ بازرگانی گشتی و هێنانی ئاژەلی زیندوو/ تاك) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ ماددەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢١٣٣٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (دۆڵ) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (دۆڵ) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/٢٧) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (قاسم محمد عزیز) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/١
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢١١٣١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٧
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (fexy) بۆ دۆزینەوەی هەلی کار/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (fexy) بۆ دۆزینەوەی هەلی کار/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/٢٣) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (قاسم محمد عزیز) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/٢٧
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢١٥٢٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٣
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (TOUR LAND)
بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکە/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (TOUR LAND) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکە/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/١) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (قاسم محمد عزیز) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/٣
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (Red Dragon) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (AL PHUBEL) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا
ل پارێزگەها دهۆك
سەروکاتییا باژێرڤانییا بەردەرەش/ مولکایەتی
ژمارە (۱۰۲۱/۳۱۹)
ڕێکەفت: ۲۰۱۹/۱۲/۳
ئاگەهداری
لدیف نڤیسارا ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهۆکێ یا ژمارە (۱۰۵۸۵) ل ۲۰۱۹/۱۱/۲٦ و نڤیسارا ڕێڤەبەریا نەخشەدانانا ئاڤەدانی ل پارێزگەها دهۆکێ یا مارە (۲۰۸٦) ل ۲۰۱۹/۱۱/۲٤ سەرۆکاتییا باژێرڤانییا بەردەرەش نەخشێ ڕووهنکەری بۆ هەردوو پارچێن هاتینە دەست نیشانکرن ب ژمارە (۱) بۆ ئافاهیێ (نەخۆشخانا هەوار هاتنێ) و ژمارە (۲) بۆ پارکا ڕاوەستاندنا ترومبێلا لسەر نەخشێ پەسندکری یێ ژمارە (۳٤۷) رادگەهینین ڤێجا داخازێ ژ هاوولاتی و دەزگەهێن میری دکەین کو هەر تێبینی و پێشنیارەك هەبیت بلا پێشکەشی سەرۆکاتییا باژێرڤانییا مە بکەت ل ماوێ (۳۰) ڕۆژان د بلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ل ڕۆژنامە فەرمیدا لدیف یاسایا کارگێڕی و شارەوانی یا ژمارە (٦) ل سالا ۱۹۹۳.
ئەندازیار/ عمر میکائیل سلیم
سەرۆکی باژێرڤانیا بەردەرەش
***
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ۹۲۵/ش/۲۰۱۹
ڕێکەوتی / ۲۰۱۹/۱۲/۲
راگەهاندن
بو / داوالێکراو: لقمان عبدالله اقدل
ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (۹۲۵/ش/۲۰۱۹) ل ڕۆژا (۲۰۱۹/۱۱/۲۱) ژێك ڤەبوونا دادی (تفریق قضائی) دناڤبەرا تە و داواکار (ایمان احمد ابراهیم) ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامەیێت ڕۆژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت.
دادەر / دارا طاهر توفیق
***
دادگای باری کەسی هەولێر/۲
ژمارە:٤٥۲٥/ش/۲۰۱۹/۲
ڕێکەوت:۲۰۱۹/۱۲/۳
جاردان
بۆ داوالێکراو لاوان جلیل مولود
شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە ٤٥۲٥/ش/۲۰۱۹/۲ وە لەڕێکەوتی ۲۰۱۹/۱۱/۲۷ بریاریدا بە تفریق للهجر بۆ هاوسەری (بیگەرد شیرزاد مجید) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی روناکی بۆیە دادگا بریاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ۱۰ دە ڕۆژ لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە، بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.
دادەر/طارق حسین کریم
***
دادگای کەتنی هەولێر/۳
ژمارە/٤۷۹/ك/۲۰۱۸/۳
ڕێکەوت/ ۲۰۱۹/۱۱/۲٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ امین احمد خلیل
یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری ژی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامەیێت ڕۆژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت.
دادەر / دارا طاهر توفیق
***
دادگای باری کەسی هەولێر/۲
ژمارە:٤٥۲٥/ش/۲۰۱۹/۲
ڕێکەوت:۲۰۱۹/۱۲/۳
جاردان
بۆ داوالێکراو لاوان جلیل مولود
شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە ٤٥۲٥/ش/۲۰۱۹/۲ وە لەڕێکەوتی ۲۰۱۹/۱۱/۲۷ بریاریدا بە تفریق للهجر بۆ هاوسەری (بیگەرد شیرزاد مجید) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی روناکی بۆیە دادگا بریاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ۱۰ دە ڕۆژ لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە، بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.
دادەر/طارق حسین کریم
***
دادگای کەتنی هەولێر/۳
ژمارە/٤۷۹/ك/۲۰۱۸/۳
ڕێکەوت/ ۲۰۱۹/۱۱/۲٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ امین احمد خلیل
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٤۷۹/ك/۲۰۱۸/۳ لە ۲۰۱۹/۱۱/۱۳ لەسەرت بەزیندانی کردنیان (الحبس) بۆماوەی (۲/دوو سال) بەپێی ماددەی (٤٥۳) لەیاسای (سزا) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بریار درا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی(۳ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادەر/ بهزاد جهاد فائق
***
دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ٦۱ / ب / ۲۰۱۹
ڕێکەوت: ۲۰۱۹/۱۲/۳
جارِدان
بۆ داوالێکراوان/ محمد فرهنگ جلال عودیش شوێنی نیشتەجێبوون نادیار. داواکار (انور حنا الیاس) داوای ژمارە ٦۱ / ب / ۲۰۱۹ لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای (بدلات الایجار) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی مارت شمونی/ عەنکاوە بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ نامادەبوونت لەڕۆژی دادبینی ۲۰۱۹/۱۲/۱۵ کاتژمێر ۹:۰۰ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقتان بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٦۲۱/ش/۲۰۱۹
ڕێکەفت/ ۲۰۱۹/۱۲/۳
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (اکرم سعدون سمو) جهێ ئاکینجی بوونی نەدیارە بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارا وێ ل سەری دیارکری سەلماندنا مارە برینا دەرەکێ(اثبات زواج خارجی) ژ تە کەت ئەوا رویدای ل ۲۰۰۹/۷/۷ ناڤبەرا تەو وداواکار (حلوە سلیمان رمو) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژیر ودەستەکا قەزا سێمێلێ کمبا دومیز ۱ پەنابەرێن ڕۆژ ئاڤا ئەڤ بریار بەلاڤەکر وتە مافێ نەرازیبونێ وپیداچوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (۱۰) دەە ڕۆژا ژبەلافکرنا ڕۆژنامێ بەرۆڤاژی بریار دێ دومایەك ئیت دەرهەقی تەدا ل دیف یاسایی
دادەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
***
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ۱۱٦۹/ب/۲۰۱۹
٥/داناا دەستەسەریێ /۲۰۱۹
ڕێکەفت/۲۰۱۹/۱۲/۱
راگەهاندن
لدویف بریارا دەرگەفتی ژ دادگەها بەراهیا دهوکێ یا ژمارە ۱۱٦۹/ب/۲۰۱۹ ڕێکەفتی ۲۰۱۹/۹/۲۹ یا پێك هاتی ژ نەهێلانا هەڤپشکیێ ل سەر خانووبەرێ ژمارە(۳۷۰) کەرتێ ۹۷ بیرومەرا لدویف سالۆخەتێن ل خوارێ دیارکری ئەڤ دادگەهە ل سەر ئێك زێدەکرنا ئاشکرا رادگەهینیت بۆ فروتنا پارچە زەڤیا ناڤبری بو ماوێ سیە ڕۆژا ژ ڕۆژا دوماهیك بەلافکرنێ وهەر کەسێ حەزا کرینێ هەبیت سەردانا ڤێ دادگەهێ بکەت ل ڕۆژا سیهێ ل دەمژمێر (۱۲) نیڤرو ودگەل دا هەبیت دلنیایا یاسایی ب ڕێژا ۱۰٪ ژ بهایی(۹٦۰۰۰۰۰۰) نوت وشەش ملیون دیناری عیراقی ئەگەر نە هەڤپشك بیت بو زانین دانا مەزاختیا وکریا ڕێخوشکەری ل سەر بکریە وئەگەر ڕۆژا دویاهیێ کەفتە بێهنڤەدانێ دێ ژڤانێ سەر ئێك زێدەکرنێ بیتە ڕۆژا ئێکێ یا کاری
سالۆخەت : خانووبەرێ زمارە(۳۷۰ کەرتێ ۹۷ بیرومەرا) ڕۆبەرێ وێ (۱)دونم و(٤) اولك و(۷٥)م پارچە زەڤیی یا گشتوکالیە (بیستان کروم دیمیە) ودنافدا هندەك داریت باهیف وتریجاندینە وئافاهیەك پیك هاتی ژ بلوك وپلاستیکی وبانی وی قرمیتە ویی سیاج کریە ل سەر جادا سەرەکی ئەوا ژ سکری دهوکی دجیت بو کوندی پیرومەرا وخزمەت گوزاری بێت هەین ل دەڤەری وەك ئاڤ وکارەب وجادە
دادەر/ ریبوار محمد حسن
***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (ترابون انترناشیونال انیرجی سیرفیسز ش.ذ.م.م) بۆ تجارة معدات تولید الطاقة الکهربائیة و نقلها و توزیعها و تجارة معدات الرسم الهندسی) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (ترابون انترناشیونال انیرجی سیرفیسز ش.ذ.م.م) بۆ تجارة معدات تولید الطاقة الکهربائیة و نقلها و توزیعها و تجارة معدات الرسم الهندسی) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

REPUBLIC OF IRAQ
KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT (KRG)
MINISTRY OF CONSTRUCTION & HOUSING
NO:6114
DATE:1/12/2019
RE- REQUEST FOR EXPRESSIONS OF INTEREST
CONSULTANCY SERVICES, PREPARING CONTRACTOR TENDER DOCUMENTS, DESIGN REVIEW AND SUPERVISION OF MATEEN TUNNEL AND APPROACHING ROADS

As part of its development and rehabilitation program, Kurdistan Regional Government in Iraq represented by the Ministry of Construction and housing wishes to develop the roads network linking the peripheral regions to the more developed ones as well as the ones linking it to the neighbouring countries such as Turkey and Europe via Turkey supported by the motorways .In order to have efficient and operational road connections, new road projects have to be developed and implemented in the country. These roads will also help to have adequate national road network in the country.

The project alignment falls within a region in Duhok Governorate which is close to Turkish border. The route is situated between Bamerne and Kani Mase area. Total length of the project alignment is 15,410 m and the length of the tunnel through Mateen Mountain is approximately 4.7 km. and MoCAH Intended to apply a part of the allocated budget for the consultancy services for Design Review, Construction Supervision and Related Services of Mateen Tunnel and Associated Road Project

Ministry of construction & housing intends to shortlist qualified consulting firms or consortiums to provide consultancy services for preparing contractor tender documents , design review and supervision of MATEEN Tunnel and approaching roads including providing (but not limited to) hand over approved detailed design and drawings, supervise the constructions works of the contract, prepare final construction reports and compile full set of as- built drawings of all completed works, assist in preparation of the overall completion report. Expected Implementation period is (48 months).

Ministry of construction & housing now invites eligible consultants ("Consultants") to indicate their interest in providing the services above "The Services". Interested consultants must provide information indicating that they are qualified to perform the services (**brochures, description of similar assignments, experience in similar conditions, and staff list and brief Cvs)**, the documents shall not exceed 30 pages; Consultants may associate to enhance their qualifications.

A consultant will be selected in accordance with the procedures set out in the Public Procurement Regulation issued by ministry of planning, of 2016 ("Regulations"), and is open to all eligible consultants as defined in the Regulations

A consultant will be selected in accordance with the (Quality cost best selection) QCBS method set out in the Regulations.
Expressions of interest must be sent to the address below by **16th of December, 2019** at 12:00 p.m. local time
NOTE: Expressions of interest may be sent electronically to the e-mail below before the date and time above.

info@moch.gov.krd

THE COST OF PUBLISHING REQUEST and RE- REQUEST WILL BE HELD BY THE WINNING CONSULTANT

Ministry of construction and housing
General directorate of technical affairs
Tehran St. Hawler, KRG

Engineer
Dana Abdulkareem Hama Salih
Minister of Construction and Housing
2019/ /

حكومة اقليم كوردستان
وزارة الاعمار و الاسكان
العدد: 6114
التاريخ: 2019/12/1

اعادة الاعلان عن طلب التعبير عن الاهتمام

الخدمات الاستشارية لاعداد وثائق المناقصة للتعاقد مع المقاولين, تدقيق التصاميم, و الاشراف على تنفيذ نفق متين و مقترباته

ترغب وزارة الاعمار و الاسكان في حكومة اقليم كوردستان (كجزء من برنامجها للتنمية و التأهيل) بتطوير شبكة الطرق الرابطة مع المناطق الاكثر تطورا و كذلك تلك الطرق الرابطة مع الدول المجاورة مثل تركيا و الدول الاوربية عن طريق تركيا مدعمة بالطرق السريعة. لغرض الحصول على شبكة طرق فعالة و عملية يجب تطوير و انشاء طرق جديدة في الاقليم و التي ستساهم ايضا في الحصول على شبكة طرق داخلية ملائمة.
يقع مسار المشروع في محافظة دهوك القريبة من الحدود التركية حيث يمتد المسار ما بين منطقتي بامرني و كاني ماسي. الطول الكلي للمشروع هو 15.410 متر وطول النفق عبر جبل متين حوالي 4.7 كم وتنوي وزارة الاعمار و الاسكان بتخصيص جزء من الميزانية المخصصة لتنفيذ هذا المشروع للخدمات الاستشارية لتدقيق التصاميم, الاشراف على التنفيذ و الخدمات المتصلة لمشروع نفق متين و مقترباته.
تنوي وزارة الاعمار و الاسكان باعداد قائمة مختصرة من الشركات الاستشارية لتقديم الخدمات الاستشارية لاعداد وثائق المناقصة للتعاقد مع المقاولين, تدقيق التصاميم, و الاشراف على تنفيذ نفق متين و مقترباته , وتشمل تلك الخدمات (لا على سبيل الحصر) اعداد وتسليم تصاميم ومخططات تفصيلية و مصدقة, الاشراف على اعمال الانشاء و اعداد تقارير الانشاء النهائية و المجموعة الكاملة من مخططات (الاعمال كما نفذت as built) لكل الاعمال المكتملة و المساهمة في اعداد التقرير النهائي الكلي. فترة التنفيذ المتوقعة هي (48) شهرا.
تدعو وزارة الاعمار والاسكان الاستشاريين المؤهلين (الاستشاريين) الى التعبير عن اهتمامهم بتقديم الخدمات اعلاه (الخدمات) . يجب على الاستشاريين المهتمين تزويد المعلومات التي تبين على أنهم مؤهلون و لديهم خبرات لتنفيذ الخدمات **(النشرات, وصف لمهمات مماثلة, الخبرة في ظروف مماثلة, قائمة الكادر مع سيرهم الذاتية بشكل مختصر)**.
يجب ان لا تزيد الوثائق المقدمة على 30 صفحة. يجوز للاستشاريين الإتحاد كائتلاف شراكة لتعزيز مؤهلاتهم.
سوف يتم اختيار الاستشاري بموجب تعليمات تنفيذ التعاقدات الحكومية رقم 2 لسنة 2016 (التعليمات) وهي مفتوحة لجميع الاستشاريين المؤهلين كما هو محدد في التعليمات.
سوف يتم اختيار الاستشاري بموجب أسلوب الاختيار على اساس الجودة والكلفة Quality and Cost-Based (QCBS) Selection المذكورة في التعليمات.
يجب أن تسلّم طلبات التعبير عن الاهتمام إلى العنوان المبين في ادناه في موعد اقصاه 2019/12/16 الساعة الثانية عشر ظهرا بالتوقيت المحلي.
ملاحظة: يمكن تقديم الطلبات الكترونيا الى البريد الالكتروني ادناه وقبل الموعد اعلاه.

info@moch.gov.krd

سيتحمل الاستشاري الفائز اجور نشر واعادة نشرطلب التعبير عن الاهتمام.

وزارة الاعمار و الاسكان
المديرية العامة للشؤون الفنية
شارع طهران, اربيل, اقليم كوردستان

المهندس
دانا عبد الكريم حمه صالح
وزير الاعمار و الاسكان
2019/ /

دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە / ٣٠٩/ب/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٣
جاردان
بژ/داوالێکەراوان (١- جمال شمو اسماعيل ٢- خدر شمو اسماعيل)
شوێنی دانیشتنا هەوە نەدیارە
ئەم دادگایە بریاریدا لە روژی ٢٠١٩/١١/٢٠ لە داوای ژمارە ٣٠٩/ب/٢٠١٩ ب تەملیک کرنا مولکێ ژمارە ٥١٧/١ کەرتێ ١١ سێمێل بو سەر ناڤێ داواکار (مصلح عجيل عبدالله) ولە بەر ئەوەی شوێنی دانیشتنا هەوە نەدیارە بەپێی ئیشعاری موختاری تاخێ نزارکێ ل دهوك ل ٢٠١٩/١٢/٢ بۆیە دادگا بریاری دا کە بریارەکەت پێ رابگەیەنێت بە هۆی دوو روژنامەی ناوخۆێ روژانە کە لە هەرێمێ کوردستان دەردچیت وهەوە مافێ نەرازیبونێ وپێداچوونەوە هەیە لە ماوەی یاسایی دا وبە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروە دەکریت بەپێی یاسا
دادوەر / ابراهيم خشمان گرگری
***
محكمة بداءة ئاكرى
العدد /١١٦٦/ب/٢٠١٩
التاريخ /٢٠١٩/١٢/٢
الى / المدعى عليه (غريب ياسين محمد رشيد)
ب/ اعلان
اقام المدعون كل من (لزكين وشاكر وخالدة ووحيدة اولاد ياسين محمد رشيد) الدعوى البدائية المرقمة اعلاه عليك امام هذه المحكمة يطلبون فيها ازالة شيوع العقار المرقم (٤٩٨/٦) مقاطعة (٩٥) لالەئی والمشاع بينك وبين شركاءك فيه لعدم الاستفاده منه من بقاءه على وجه الشيوع ولمجهولية محل اقامتك حسب اشعار مختار (ئاكرى/سوسنا) المرفق بكتاب مركز شرطة گولان المرقم (٥٠٧٤) في ٢٠١٩/١١/٢٥ قررت المحكمة تبليغك عن طريق النشر في جريدتين يوميتين محليتين بالحضور في اليوم المعين للمرافعة امام هذه المحكمة والموافق ٢٠١٩/١٢/١٢ استنادا للمادة ١/٢١ من قانون المرافعات المدنية وبعكسه ستجري المرافعة بحقك غيابيا واصدار القرار المناسب وفق القانون
القاضي / خالد عثمان يوسف
***
مديرية التسجيل العقاري العامة
دائرة التسجيل العقاري في العمادية
اعلان
قرار تثبيت عائديه عقار مجددا بناءا على ثبوت عائدية العقار تسلسل ٣/١٢٨ محلة سردبكي الى طالب التسجيل (احمد احمد رشيد) بموجب قرار تثبيت العائدية المؤرخ ٢٠١٩/١١/١٠ الصادر من هذه الدائرة ونعلن هذا القرار وعلى من لديه اعتراض على القرار المذكور اقامة الدعوى لدى المحكمة المختصة خلال مدة ثلاثون يوما اعتبارا من اليوم التالي لنشر هذا الاعلان وعند انتهاء المدة وعدم ورود اشعار من المحكمة باقامة دعوى لديها خلال المدة المذكورة ستباشر هذه الدائرة بالتسجيل وفقا لقرار تثبيت العائدية
القاضي / طارق رمضان صالح
***
دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە ٢٦٦/ب/٢٠١٩
رێکەفت: ٢٠١٩/٩/٢٥
ئاگەهداری
بو/ داوالێکراو/ (فارس محمد علی) جهێ ئاکنجیبینا بەرێ زاخو- گەرەکا صلاح الدین، جهێ ئاکنجیبینا نوکە نەدیارە، ڤێ دادگەهێ ل روژا (٢٠١٩/٩/٤) ل داوا ژمارە ٢٦٦/ب/٢٠١٩ بریاردا ب مولك کرنا خانووبەرێ ژمارە (٥/٣٠ کەرتێ کندك) (عەرد و ئافاهی) (حسن حسين اسماعيل) و دگەل خەرجی خستنە ئەستوو ماندیبوونی پارێزەر بو بریکارێ داواکاران پارێزەر (خديجه علی مصطفی) ب کوژمێ (١٤٠٠٠) جارەد هزار دینار، و ژبەر دیار نەبینا جهێ ئاکنجیبینا تە لدیڤ نڤیسیارا بنگەهێ پولیسێن زاخو یا ژمارە ٢٧٥٥ ل رێکەفتی ٢٠١٩/٩/١٨ و هەڤپێچ دگەل پەسندا هەلبژارێ گەرەکا صلاح الدین و کوندك کو تێدا هاتیە دیارکرن (ناڤێ وان د تومارا تاخێ مەدا هەیە و مالا خو ژ تاخێ مە بارکرینە و نوکە ژی جهێ ئاکنجیبوونا وێ نەدیارە و مە چ پێزانین ل دوور نینن) دادگەهێ بریاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ یێ د دوو روژنامە بێنن نافخوی و روژانە دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب بریارێ و ئەڤ بریارە هەلاویستیە لسەر سەرنەهێنانەبەر ژ سیندخارنێ لدەمێ نکولێ و نەرازیبونێ و تە مافێ نەرازیبوون و پێداچوونێ هەیە دماوێ یاسای دا و بەروڤاژی بریار دێ پلانبرێ وەرگرت.
دادوەر / يوسف الياس سدن
***
دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/ ١٤٤٦/ش/٢٠١٩
رێکەفت: ٢٠١٩/١١/٢٧
راگەهاندن
بو/ داوالێکری: رائد حسن سليم
ل دیف داخازیا داواکار (شارابان ابراهیم خالد) و کێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازا
قەرەبووکرنا تەلاقێ ژتە کریە و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ (قەزا سێمێلێ/ ناحیا فەیدیێ/ گوندی کانی شریں) ل رێکەفتی ٢٠١٩/١١/٢٨ ئەڤجا بریار هاتەدان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادەبی ل روژا (٢٠١٩/١٢/١٥) یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشملی هێتە کرن.
دادوەر/ زيرڤان احمد حسين
***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە / ٨٨٥٧
رێکەوت / ٢٠١٩/١٢/٢
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (BUSAN) بۆ گەشت و گوزار/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەمواركراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە / ٨٩١١
رێکەوت / ٢٠١٩/١٢/٣
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنوردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (P.E.S) بۆ خزمەتگوزاری نەوت/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەمواركراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە / ٨٨٦٢
رێکەوت / ٢٠١٩/١٢/٢
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنوردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (سیدار) بۆ بەکارخستنی دەستی کار/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەمواركراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە / ٨٣٤٤
رێکەوت / ٢٠١٩/١١/١٣
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (فاربن) بۆ بازرگانی گشتی و هێنان و بردن/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەمواركراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە / ٨٨٨٤
رێکەوت / ٢٠١٩/١٢/٣
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنوردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Grand Building) بۆ بارزگانی گشتی/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەمواركراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە / ٨٩٢٤
رێکەوت / ٢٠١٩/١٢/٣
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنوردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (فیلسوف) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەمواركراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

ئاگەداری
ئاگەداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (fexy) بۆ دۆزینەوەی هەلی کار/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگەداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (TOUR LAND) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکە/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

پرۆفایل




سیریل رامافوزا



- ماتامیلا سیریل رامافوزا، سیاسەتکار، پارێزەر و سەندیکاکارێکی باشووری ئەفریقیایە، لە سویتۆ لە دایک بووە و سەرۆکی پارتی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقیایە.
- لە 17تشرینی دووەمی 1952لە دایک بووە (تەمەنی 67ساڵە).
- لە 15شوباتی 2018بە سەرۆکی باشووری ئەفریقیا هەڵبژێردراوە.
- هاوژینەکەی ناوی، نۆمازیزی متشۆچیسە زمانەکان، فیندی، ئینگلیزی، زولوی، کوسیێ و سوتۆی باکووری دەزانێت.
- لە ساڵی 1987دا، خەڵاتی ئۆلوف پالمەی وەرگرتووە.
- سیریل، خەباتکارێکی سیاسیی دێرینە لە ریزەکانی پارتی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقیا، لە گەڕەکی سویتۆی رەش، لە تخوبی جۆهانسبێرگ، لە ڕێکەوتی 17تشرینی دووەمی 1952لە دایک بووە. بە دریژایی ساڵانی خەباتی، چالاکێکی دژ بە ڕژێمی جیاکاری ڕەگەزی، سەرکردەیەکی سەندیکایی، کارساز، نیمچە کۆمۆنیست بووە، لە ساڵی 2014دا، بە جێگری سەرۆکی باشووری ئەفریقیا هەڵبژێردرا و تاکو ساڵی 2018لەو پۆستەدا مایەوە.
- نازناوی دانووستانکاری زیرەک و شارەزای ستراتیژی لێنرا، لەبەر وەرگرتنی پۆستی گەورە دانووستانکاری (کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقیا)، لە سەروبەندی هەنگاونانی باشووری ئەفریقیا بەرەو دیموکراسییەت.
- لە نێوان ساڵانی 1991و 1997دا، ئەمینداری گشتیی پارتی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقیا بوو.
- رامافوزا، گەورەترین و بەهێزترین سەندیکای کرێکارانی لە ولات دروستکرد، رۆڵێکی بەرچاویشی لە دانووستانەکانی گەیشتن بە کۆتاییەکی ئاشتیانە، بۆ جیاکاری ڕەگەزی و ئاراستەکردنی ولات، بەرەو یەکەم هەڵبژاردنی دیموکراسیانەی تەواو لە نیسانی 1994دا هەبوو.
- سیریل، کارسازێکی ناسراوی ولاتەکەیەتی و سامانەکەشی بە 550ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت.
--- هەرچەندە بەوە ناسراوە پشتیوانی تەواوی لە گواستنەوەی ئاشتیانەی ولاتەکەی بەرەو دیموکراسیەت کردووە، کەچی ڕەخنەیشی لێگیراوە، لەبەر کارکردنی بۆ بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی خۆی، بێئەوەی هیچ تۆمەتێکی لەو بوارەدا ئاراستە بکرێت.
- رامافوزا، لە قۆناغی جیاکاری ڕەگەزیدا، یەکێ لە سێیانە لاوەکە لەگەڵ، کریس هانی و تابۆ مبیکی بوو، کە رۆڵی بەرچاویان لە سەرکەوتن بەسەر ڕەگەزپەرستیدا هەبوو. بەڵام هانی تیرۆر کرا، هەرچەندە رامافوزا، بژاردەی نیلسۆن ماندێلا، بۆ بوون بە سەرۆکی ئایندەی ولات بوو، کەچی لە ساڵی 1997پێشبڕکێی سەرۆکایەتی، بەرامبەر مبیکی دۆڕاند، کە دیارترین رکابەری بوو لە چینی لاواندا، ئەوەش پاڵی پێوەنا، واز لە پۆستە فەرمییەکانی بهێنێت و خۆی بۆ کارە تایبەتییەکانی تەرخان بکات.
- لەوەتەی لە کانونی یەکەمی 2017وە، بووەتە سەرۆکی پارتی (کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقیا)، رامافوزا، هەوڵی داوە بە زووترین کات سەرۆکی ولات، جاکوپ زۆما، لە پۆستەکەی دوور بخاتەوە، بەهۆی گرێدانی ناوی بە چەندین ئابڕووچوونی گەندەڵییەوە.
- سیریل، توانی بگاتە کورسی سەرۆکایەتی باشووری ئەفریقیا، دوای ئەوەی پەرلەمان لە دانیشتنێکی نا ئاسایی، لە ڕێکەوتی 15 شوباتی 2018بە سەرۆکی ولات هەڵبژارد، بۆ ئەوەی شوێنی زۆما بگرێتەوە، کە دوای 9ساڵ مانەوە، دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە.

ڕەمزی میرەکانی
سەرچاوە:
www.aawsat.com



کاریکاتێر

مانشێت



سکای نیوز :
لە نزیک کۆشکی سەرۆکایەتی لە جاکارتای پایتەختی ئەندۆنیسیا تەقینەوەیەک ڕوویدا و کەسێک بریندار بوو.



ئیلاف :
باهۆزی کامۆری لە ولاتی فلیپینی دا و دەسەلاتدارانی ئەم وڵاتە ناچار بوون فڕۆکەخانەی سەرەکی مانیلای پایتەخت دابخەن.



ئەی ئێف پی :
بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی لووتکەی ڕێکخراوی ناتۆ ، سەرۆکی ئەمەریکا گەیشتە لەندەن.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت :
بەرپرسێک لە حکوومەتی تورکیا ڕایگەیاند بەم نزیکانە تورکیا و ڕووسیا ڕێککەوتنی تازە سەبارەت بە کڕینی موشەکی تازەی ئێس 400مۆر دەکەن.



فرانس 24:
یۆنان هەڕەشەی دەرکردنی لە بالێۆزی لیبیا کرد ئەگەر ڕێککەوتنی نێوان تورکیا و حکوومەتی فەیاز جێبەجێ بکرێ.



کەنالی ئار تی :
پۆلیسی بەرازیل کەسێکی بە تۆمەتی دارشتنی پلان بۆ تیرۆرکردنی سەرۆکی ولات دەستگیر کرد.


گوندێکی هەرێمی کوردستان-باڵەکایەتی

سوودەکانی گەشتوگوزاری لادێ و ئاستەنگەکانی بەردەم پێشخستنی

نادر روستی

لە بەشی رابردوو باسی پێناسەی گەشتوگوزاری لادێ کرا، لەم بەشەدا تیشک دەخەینە سەر سوودەکانی گەشتوگوزاری لادێ. بەشێوەی گشتی جۆرەکانی گەشتوگوزار هۆکارن بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی کەرتی گەشتیاری، کەرتی گەشتیاریش سەرچاوەیەکی سەرەکی داهاتە بۆ بەشێکی زۆر لە وڵاتان. گەشتوگوزاری لادێ سوودی هەمە لایەنەی هەیە بۆ چەند لایەند.

دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی داهات بۆ بەشێک لە دانیشتوان

کۆچکردنی لادێنشینان بۆ شار کەم دەکاتەوە و هەندێکجار کۆچی پێچاوانەش دەبێت.

بە هۆی تێکەڵبوونی شارنشین و لادێنشینان پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری رووددات.

هەڵی کار بۆ ژمارەیەکی زۆرهاوڵاتی بە تایبەت گەنج دەرەخسێنێ.

دەبێتە هۆی فرۆش و ساغبوونەوەی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان و بوژانەوە و پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ.

دەبێتە هۆی بوژانەوە و پێشخستنی کاری دەستی و بەرهەمە دەستیەکانی لادێ.

دەبێتە هۆکار بۆ رێککخستن و چاکردنی رێگەی هاتوچۆ و زیادکردنی ژمارەیەک خزمەتگوزاری تر بۆ لادێکان.

دەبێتە یارمەتیدەر بۆ پێشخستنی جۆرەکانی گەشتوگوزاری: (ژینگەیی، کشتوکاڵی، چارەسەری، کاتبەسەربردن).

دەبێتە هۆکار بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندن و زانست و هۆشیاری کۆمەڵایەتی.

کێشەکانی بەردەم پێشخستنی گەشتوگوزاری لادێ لە هەرێمی کوردستان

– کێشەی زەوی و نەبوونی تاپۆ و دیارنەبوونی خاوەنداریەتی زەویەکان.

خراپی رێگەوبان بۆ بەشێکی زۆر لە گوندەکان

– کەمی هۆشیاری گەشتیاری لە بەشێکی زۆری گوندەکان.

– لاوازی توانای دارای لادێنشینان بۆ دروستکردنی پڕۆژەی گەشتیاری.

– لاوازی توانای حکومەت بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری گشتی (کارەبا، هێڵی پەیوەندی، تەوالێت، پاک نەکردنەوەی پاشماوەی خاشاک و زبڵ).

چۆن بتوانین بەخواردنی کوردەواری گەشتوگوزاری خواردن پەرە پێ بدەین؟



بەرپرسی لاپەرە

کەبابی هەولێر، قەلی دهۆکێ، کفتەی رواندزیان، دۆڵمەی هەولێریان، کولێرە بەرووني کۆیە، نانی هەورامان، نانەقەیسی شەقلاوە، دۆشاوی خۆشناوان، گەزۆی سلێمانی، هەنگوینی کوردستان، هەروەها هەندێک خواردنی وشکراوەی کوردستان هەیە بەناوبانگە وەک مێوژ و گوێز و بنیشتی کوردی. بەشێک لە گەشتیاران کە دێنە کوردستان ئارەزوو دەکەن تەنیا خواردنی کوردستان بخۆن، هەروەها خواردنی کوردستان بکڕن و لەگەڵ خۆیان ببنەوە، ئەمەش وایکردوە کە هەندێک خواردنگەی تایبەت بە خواردنی کوردەواری بکرێنەوە، یان بازاڕی تایبەت و شوێنی تایبەت بۆ فرۆشتنی بەرهەم و خواردنە کوردستانیەکان دروست بێن، وەک بازاڕی شەقلاوە کە تایبەتە بە خواردن و بەرهەمە وشکراوەکانی کوردستان.

جۆرەکانی خواردن و شێوازەکانی خواردن و تام و چێژی خواردن هێندە زۆر بووە بۆتە هونەر، ئەمەش وایکردووە هەندێک گەشتیار بە تایبەت بۆ بینین و خواردن و چێژ وەرگرتن گەشت بۆ وڵاتان و ئەو شوێنانە بکەن کە لە جۆر و تامی خواردن بە ناوبانگن و جیاوازن.

جۆرەکانی گەشتوگوزاری خواردن بەڵای هەندێک گەشتیارەوە گرنگە و چێژی زۆری لێوەردەگرێت بۆیە گەشتی تایبەتی بۆ دەکات، هەرچەندە ئەم جۆرەی گەشتوگوزار زۆر بڵاو و بەهێز نییە بەڵام لە هەندێک شوێن و وڵات کاری بۆ کراوە و گەشتیارانیش بۆ خواردنی هەندێک جۆری خواردنی دەگمەن سەردانی ئەو شوێنە خواردن خۆشانە دەکەن. هەرێمی کوردستان هەندێک خواردنی تایبەت بە خۆی هەیە کە تام و چێژی جیاواز و تایبەتە و بە ناوی ناوچە و شارەکانی دەناسرێتەوە، وەک

دەستەی گشتی گەشتوگوزار پێشبڕکێی فۆتۆی گەشتیاری ساڵ سازدەکات



دەستەی گشتی گەشتوگوزار بەهەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوی کوردستان فۆتۆ، دووەمین پێشبڕکێی فۆتۆگرافی بۆ فۆتۆی گەشتیاری هەرێمی کوردستان ساز دەکات، بۆ بەشداریکردن پێویستە وێنەکان تایبەت بن بەم شوێنانە: (گەشتیاری سروشت، شوێنەوارەکان، کوولتوری و ئاینی و نەتەوەیی).

لە رێوڕسمێکی تایبەت رێز لە براوەی یەکەم و دووەم و سێیەم دەگیرێت.

بۆ بەشداریکردن ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەن:- ناوی سیانی و شوێنی نیشتەجێبوون.

- ناو لۆگۆی لەسەر نەبێت.-هەر بەشداربوویەک لە (3)وێنە زیاتر نەنێرێ. وێنەکان بە کوالیتی بەرزبێت (30DPI) بێت. -.-کورتەیەک لە سەر شوێن و ناوی وێنەکە بنێرێت.

تێبینی: وێنە براوەکان و ژمارەیەک لە وێنەی نایاب چاپ دەکرێن و لە پێشانگایەکی تایبەت نمایش دەکرێن. بەم ئیمێلە وێنەکان بنێرن: Kur-distanphoto2016@gmail.com

کولیتا دیمەنێکی ناوازە و پێگەیەک بۆ گەشتیاری



یەکێکە لەشوێنە دڵڕفێن و سەرەنج راکێشەکانی کوردستان لە ناوچەی بارزان پشتەوەی گوندی ئاڵکا لە بناری چیای پیرس هەڵکەوتوە. هەڵکەوتوی سروشتی ئەم ناوچەیە وایکردووە جوانییەکی ئەفسوناوی روخساری ئەم هاوینەهەواڕە دابپۆشێت، بەتایبەت لە وەرزی بەهار و پایز کە یەکێکە لە ئارام بەخشترین شوێنەکانی کوردستان و ناوچەکە بەگشتی

زۆربەی جار سروشتی ئەم شوێنە دوو وەرز لەخۆدەگریت لەیەک کات دا ئەمەش حالەتێکی دەگمەنە لە رووداو سرۆشتییەکاندا، بەتایبەت لە پایز و زستانان دا.

بەهوی بوونی ئاوی کانیاو سروشتییەکانەوە شوێنەکە بو گەشتوگوزار و بەسەربردنی کاتێک خۆش و ئارام دور لەجەنجالی ژیانی گونجاوولەبارە، رۆژانە هاوڵاتیان رووی تێدەکەن بەڵام بە هۆی ئەوەی ناوچەکە کەمێک سەختە و خزمەتی پێویستی بونەکراوە خەلکی زۆر بەشوێنەکە نازانن و ئەوەی بش زانیت بەئاسانی ناگات بەشوینی مەبەست.

ئەوەی زیاتر گرنگە شوێنەکە سەرەنجی فوتوگرافەرانی راکێشاوە لەسەرتاسەری کوردستان بۆ ئەم شوێنە و چەندین کاری جوان لە سەر ئەم سروشتە جوانە کراوە، هەر ئەم کارانە و بەم فوتوانەوە شوینەکە بەخەلک و دونیا زیاتر ناسێنراوە و بینەر بێ بەش نەبووە لەم دیمەنە جوانانەی وڵات.

نووسین و فۆتۆ: ئەبدولقادر مەحمود

چالاکییەکانی پەرەپێدانی گەشتیاری لادێ



محمد عزیز

باشترین دەرمان بۆ مرۆڤ گەشتکردنە بەناو سروشت چونکە بونەوەرێکی زیندووە و لەبەرامبەر خزمەتکردنی ئاسوودەیی دڵ و ڕۆح و ئەقڵ و گیانییمان پێدەبەخشێت و پەیوندی نێوان مرۆڤ و سروشت ڕاستەوانەیە، ئەگەر سروشت زیندوو بوو ئەوا مرۆڤیش بەزیندوویی دەمێنێتەوە.

لێرەدا چەند خاڵێک باس دەکەم کە سروشت دەتوانێت میشکیکی ئەرێنی والێبکات بایەخی پێبدات و سوودی لێببینێت بۆ بەهێزکردنی ئابووری وڵات:-

١- دروستکردنی کێڵگەی کشتوکاڵی جۆراوجۆر:-واتە بەدیان کێڵگەی باغات و میوەجات و سەوزەوات دروستبکرێن کە گوندنشینەکان بەڕێوەی ببەن، کاتێکیش بەرهەمەکان فرۆشران بەشی زۆرینەی داهاتەکەی بۆ حکومەت و بەشەکەیتری بۆ گوندەکە بێت.

٢- هەبوونی چیا و شاخی جوان و ئەمن بۆ شاخەوانی:-هیچ گوندێک نییە شاخێکی نەبێت لێرەشدا ئێمە دەتوانین لەهەر گوندێ شاخێک بە نمونە وەرگرین و ڕێگایەکی تایبەتی زۆر ئاسانی هاتوچۆکردنی لەسەر دروستبکەین کە تیایدا گەشتیاران بتوانن بە پیادە یان پاسکیل بەئاسانترین شێوە گەشتی خۆیان بکەن، لەسەر گردەکەش کافتریا و شوێنی حەوانەوە دروستبکەین کە بتوانن پشوو بدەن و دیمەنی گوندەکە و دەوروبەرییان بە ڕوونی لێدیاربێت و چێژی لێوەربگرن.

٣- هەبوونی دارستان و ڕووبار یان دەریاچە:-لادێی بێ ڕووبار بەس گوند نییە، لەهەر شوێنێ ئاو هەبوو ژیان لەوێ هەیە ،هەبوونی ڕووبار یان دەریاچە دیمەنێکی سەرنجڕاکێش بە گوندەکە دەبەخشێت ئێمەش دەتوانین لە کەناری ئاوەکە کافتریا و شوێنی حەوانەوە دروست بکەین و بەلەمی گەشتیاری دابنێین و سوود لە داهاتەکە وەرگرین، وێڕای قازانجی سامانی ماسی.

٥- هاتووچۆکردن بە گالیسکەی ئەسپ:-بۆ ئەوەی لە دونیای جەنجاڵی و ئاژاوەی شار ڕزگاربین ئەوا باشترین شوێن بۆ حەسانەوە و ڕوتێکردن سروشتە، بۆ ئەوەی گەشتیار بتوانێت بەخۆشی و ئارامی کاتەکەی بباتەسەر دەکرێ لە شوێنی ئۆتۆمبێل گالیسکەی ئەسپ بەکاربێت.

٦- دروستکردنی دوکان(بازاڕ)یکی کەلتووری:- بۆ فرۆشتنی کەلوپەلی دەستکردی کلاسیک و کردنەوەی پیشانگای شتومەکی کەلتووری تایبەت بە کورد و ناساندنیان بە گەشتیاران، هەروەها دروستکردنی چێشتخانەی کەلتووری کە تیایدا خواردنی کوردەواری پێشکەش بە میوانان بکرێت ئەمەش ڕێگایەکی تر بۆ بەدەست هێنانی داهات.

www.xebat.net
خەبات چوار شەممە 2019/12/4 ژمارە (5885)
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com

بۆ بەشداریکردن لەپاڵەوانیەتی باسکەی رۆژئاوای ئاسیا

هەڵبژاردەی تازەپێگەیشتووانی عێراق کەسەرجەمیان کوردن بەرەو دیمەشق بەڕێدەکەون



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

ئەمڕۆ 4/12تیپی تازەپێگەیشتووانی باسکەی عێراق لەسەر ئاستی کچان بۆ بەشداریکردن لەپاڵەوانیەتی تۆپی باسکەی رۆژئاوای ئاسیادەچنە دیمەشقی پایتەختی وڵاتی سوریا.

شاندی تیپەکە بریتین لەدەستەی ڕاهێنەران رزگار محەمەد رەئووف ،دکتورە شنە زاهیر،چنار فەتاح،هەروەها شانەکە12 یاریزانی کچ لەخۆ دەگرێت کە 11یاریزانیان کوردن و یەک یاریزانی عەرەبیش یاوەری شانەکەیە بۆ بەشداریکردنی لەپاڵەوانیەتییەکە.

ڕاهێنەری تیپی تازەپێگەیشتووانی باسکەی عێراق رزگار محەمەد رەئوف لەبارەی گەشتکردنیان بۆ وڵاتی سوریا ڕایگەیاند: بێگومان رۆژی چوارشەممە شاندێکی تیپی تۆپی باسکەی تازەپێگەیشتووانی هەڵبژاردەی عێراق بەمەبەستی بەشداریکردن لەپاڵەوانیەتی رۆژئاوای ئاسیا بەرەو دیمەشق بەرێدەکەوین، خۆشبەختانە ئامادەکارییەکی تەواومان بۆ پاڵەوانیەتییەکە کردووە، لەوبروایەدایین بەئاستێکی بەرز بەشداری لەپاڵەوانیەتیەکە دەکەین و متمانەی زۆرمان بەیاریزانەکان هەیە کەئاستێکی باش و لێهاتوو لەکاتی یاریەکاندا پێشکەش بکەن.

ئەو ڕاهێنەرە جەختی لەوە کردەوە کە هیچ زانیاریەکی تەواوی لەسەر تیپەکانی بەشداربووی پاڵەوانیەتییەکە نییە کەباس لەئاست وتوانایان بکات، بەڵام ئێمە هەمیشە بەچاوێکی بەهێز سەیری هەموو تیپەکان دەکەین و هیچ تیپێکی نێو پاڵەوانیەتیەکە لەخۆمان بەبێهێزتر نازانین و بێگومان حیساب بۆ هەمووان دەکەین .

ئەو ڕاهێنەرە لەدرێژەی قسەکانیدا لەرێگەی ڕۆژنامەی خەبات سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکات کەیارمەتی و پاڵپشتی تیپەکەیان بوونە بۆ بەشداریکردنیان لەپاڵەوانیەتییەکە، هەروەها ڕاهێنەری ناوبراو سوپاسی بەرێوبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی کرد کەپێش گەشتکردنیان بۆ سوریا لەلایەن بەرێزیانەوە بروانامەی رێزلێنانیان بەتیپەکە بەخشی.

سڤیتۆلینا دەزگایەکی خێرحوازی دادەمەزرێنێت

ئیلینا سڤیتۆلینای خانمە تینسزان وێنەیەکی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرامی تایبەت بەخۆی بڵاوکردۆتەوە بە بۆنەی دامەزراندنی دەزگایەکی خێرحوازی لە ئۆکرانیا.

سڤیتۆلینا لەگەڵ وێنەکەدا نوسیویەتی: زۆر بەختەوەرم کە بەفەرمی دەزگایەکەم لە ئۆکرانیا کردەوە، ئەمە خەونی منداڵیم بوو سوپاس بۆ خوا کە هاتەدی، هەروەها گوتی: ئەم هەنگاوەم جێگای بڕوام نەبوو کە بتوانم ڕۆژێ لەڕۆژان بیهێنمەدی، بەڵام ئەوە حەونەکەم بوو بەراستی، کەواتە ئەم هەنگاوە بڕوای پێ بەخشیوم و پێم دەڵێت تۆ ڕێگایەکی دروستت هەڵبژارد.



ئەگەری زۆر هەیە سواریێز و گریزمان بەشداری یاریی کلاسیکۆ نەکەن



ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی ڕوونی کردەوە کە 3یاریزانی یانەی بەرشلۆنە کە بریتین لە لویس سواریێز و ئەنتوان گریزمان و کلیمینت لینگیت ناتوانن بەشداریی یاری کلاسیکۆ بکەن بەرامبەر یانەی ریال مەدرید کە بڕیارە لە 14ی ئەم مانگە ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە.

لینگلیت 3کارتی هەیە و هەریەک لە گریزمان و سواریزیش دوو کارتیان هەیە، کە بەر لە کلاسیکۆ، بەرشلۆنە دوو یاری هەیە لەگەڵ مایۆرکا و سۆسیداد، بۆیە ئەگەری زۆر هەیە ئەم 3یاریزانە لە کلاسیکۆ دابڕێن، واتە دڵنیایی لەبەشداریکردنیان بەرامبەر ریال مەدرید دەوەستێتە سەر یاریپەکانی داهاتوویان

مۆرینهۆ: لە تۆتینهام زۆر بەختەوەرم



تۆڕی سکای سپۆرت ئاشکرای کرد کە کە چەند کەسایەتییەکی دیاری ناو یانەی ئەرسنال ویستبویان کە مۆرینهۆ ببەنە شوێنی ئیمری، بەرلەوەی ئەو ڕاهێنەرە پورتوگالیە بچێتە یانەی تۆتینهام.

یانەی ئەرسنال لەدوای دۆرانەکەیان بەرامبەر یانەی فرانکفۆرت بەچەند کاتژمێرێک بریارياندا بوو ئیمری دەربکەن، واتە بەرلەوەی مۆرینهۆی بچێتە شوێنی پۆتچیتینۆ لە تۆتینهام، ئەو پرسارەیان لە مۆرینهۆ کردبوو بەوەی یانەی ئەرسنال ویستویانە بیکەن ڕاهێنەری ئەکەیان و لەوڵامدا مۆرینهۆ گوتویەتی: کەس پەیوەندی بەمنەوە نەکردووە، من ئێستا لێرەم، زۆریش بەختەوەرم لێرە و هەتا ناتوانم ببر لە ڕۆیشتنیشم بکەمەوە بۆ شوێنێکی تر، هەروەها گوتی: ئێستا دەتوانی هەر یانەیەکی جیهانی لەبەردەمم دانێی بەڵام ناڕۆم

ئینتەر رازی نەبوو مارتینیز بفرۆشێتە بەرشلۆنە



ڕۆژنامەی ئەلمۆندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتالۆنی ئاشکرای کرد کە یانەی ئینتەر میلانی ئیتالی داوایەکی یانەی بەرشلۆنەی ڕەتکردۆتەوە کە داوای کردبوو گفتوگۆ لەبارەی لۆتارۆ مارتینیزی هێرشبەری ئەرژەنتینییەوە بکەن کە ئێستا لەریزی یانەی ئینتەر یاری دەکات.

ڕۆژنامەکە زیاتر ڕونکردنەوە دەدات و بڵاوی دەکاتەوە کە یانەی بەرشلۆنە بۆ قەرەبوکردنەوەی شوینی عوسمان دێمبلی دەیەوەی لەماوەی گواستنەوەی داهاتوودا دەیەوێ بەحزمەتەکانی ئەو هێرشبەرە ئەرژەنتینییە بگات، بەڵام یانەی ئینتەر ڕازی نەبووە گفتوگۆ لەسەر دەستبەردانی ئەو یاریزانەیان بکات، وە ئەگەر ڕازیش بوایە ئامادە نەدەبوو بە کەمتر لە 110 ملیۆن یورۆ ئەو یاریزانە بفرۆشێت.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 4. Dec. 2019 No: (5885)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

قستیڤاڵی شیعریی ژنانی کوردستان لە هەولێر سازکرا





هەمزە سەرحان

لە هۆڵی پێشەوا لە هەولێر، بە ئامادەبوونی وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان، بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر، جێگری بەڕێوەبەری و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی حکومی و حزبی و نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان، بەتایبەت ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی شاعیر و ڕۆشنبیر، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بە هاوکاریی مالی کتێب، فیستیڤاڵی شیعری ژنانی کوردستانی لە ژێر ناونیشانی (ژن ژیان دەنووسێتەوە) بۆ کۆمەڵێک ژنە شاعیری کوردستان ساز کرد.

لە فیستیڤاڵەکەدا (د. سالار عوسمان) بە ناوی وەزارەتی ڕۆشنبیری وتەیەکی پێشکەش کرد و وێڕای بەخێرهێنانی میوانان و ئامادەبووان، باسی لە ڕۆڵی گرنگی ژنانی کوردستان کرد لە قۆناغە جیاجیاکان، بەتایبەت ژنانی ڕۆشنبیر و نووسەر و شاعیر، ئینجا باسی لەو پرۆژەیە کرد کە چاپکردنی کتێبە شیعرێکی بە کۆمەڵی چەندین ژنە شاعیری کوردستانە. پاشان (ئازا حەسیب قەرەداغی) وتاری مالی کتێبی خوێندەوە. ئینجا کۆمەڵێک لە ژنە شاعیرانی هەر چوار پارچەی کوردستان شیعریان خوێندەوە. هەر لە چالاکییەکەدا ڕێز لە کۆمەڵێک ئافرەتی ئەکتیڤ و خاوەن بەرهەم و کاریگەر گیرا، پاشان کتێبی بە کۆمەڵی ژنانی شاعیری کوردستان بەناوی (ژن ژیان دەنووسێتەوە) بەسەر میوانان دابەش کرا. کە بیتبوون لە: کوردستان موکریانی، سینەم بەدرخان، شوکریە ڕەسوڵ، بەدیعە دارتاش، ئەرخەوان ڕەسوڵ، دیا جوان، ناهیدی حوسێنی، عەقیلە ڕواندزی، نەجیبە ئەحمەد، سامیە شاکر، ڕۆپاک عەبدولقادر.

فوتو : سەردار قادر / لانە نەوزاد



لە ڕۆژی جیهانی خاوەن پێداویستی تایبەتدا..

دەستەی ڕێکخراوە جەماوەریی و پیشەییەکانی پارتی ڕێز لە پاڵەوانی خاوەن پێداویستی تایبەت (کۆڤان حەسەن) دەنێرێت



سایپر حوسێن:

بە بۆنەی ڕۆژی خاوەن پێداویستی تایبەت، بە ئامادەبوونی بەڕێز ئەڤین هروری بەرپرسی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەریی و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامانی دەستە و ڕێکخراوەکانی لاوان و ئافرەتان و قوتابیان و یەکێتی و سەندیکاو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە ڕێ و ڕەسمێکی شایستەدا.

لەبەرامبەر ئەو دەستکەوتە وەرزشیانەی لەسەر ئاستی هەرێم و عێراق و نێودەوڵەتی بە دەستی هێناوە، ڕێز لە وەرزشوانی کورد، کۆڤان حەسەن یاریزانی خاوەن پێداویستی تایبەت نرا. لەو ڕێ و ڕەسمەدا لەلایەن بەرپرسی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەریی و پیشەییەکان لە وتەیەکدا ستایشی وەرزشوانی کورد کۆڤان حەسەن کرد، ئەوەشی دووپاتکردەوە کە دەستەی پاڵپشتی هەموو بەهرەمەندێک بووەو دەبێت لە ئایندەدا.

کۆڤان حەسەن ڕۆژانە سەرقاڵی ئەنجامدانی وەرزش کردنە و چەندین دەستکەوتی وەرزشی لە میدالیای عێراقی و نێودەوڵەتی بەدەست هێناوەو میدالیای زێڕی لە هەڵدانی قورسایی و هەڵدانی ڕمح بەدەستهێناوە.

لەبەر لێهاتویی خۆی کۆڤان حەسەن هەر زوو لەلایەن هەڵبژاردەی عێراق بانگهێشت دەکرێ و لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەشداریی لە چەندین پاڵەوانییەتییەکی نێودەوڵەتی کردو لەبەر ئاستی بەرزی بەردەوام بەهرەمەندیی خۆی ئیسبات کردووەو لە پاڵەوانییەتیی گۆڕەپان و مەیدانی جیهانی بۆ وەرزشوانانی خاوەن پێداویستی تایبەت، میدالیایی پاڵەوانییەتییەکانی بە دەست هێناوە.

کۆڤان حەسەن باشترین و ناودارترین وەرزشوانی باشوری کوردستانە لە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و یەکێکە لە یاریزانە سەرەکییەکانی هەڵبژاردەی عێراق، هەروەها لە ئاستی پاڵەوانییەتییە جیهانییەکان و پارا ئۆلۆمپی بەشداریی کردووە، بە تایبەتی پاڵەوانییەتی پارا ئۆلۆمپی لەندەن لە 2012و پاڵەوانییەتی پارا ئۆلۆمپی 2016 لە بەرازیل، کە بووە خاوەنی میدالیای زێڕو ڕیکۆردێکی جیهانی تۆمارکرد، هەردها لە وڵاتی ئەندنۆسیا و چیک و چین و نیوزلەندا و دوبەی و شاریقە و ئیمارات دەستکەوتی بەدەستهێناوە. شایەنی باسە وەرشوانی نێودەوڵەتی لەپاڵ خەڵاتکردنی (کۆڤان حەسەن)، هاوکات هەریەکە لە زاهیر ڕەشید سەرۆکی لیژنەی پارا ئۆلۆمپی و ڕەعد عەبدوللا ڕاهێنەر خەڵاتکران لە دایکبووی1988 دانیشتووی گوندێکی قەزای ئاکرێیە.

زیانەکانی خواردنەوە گازییەکان لەزاری پزیشکەوە بزانە

پرۆفیسور دکتۆر تەییب سابیر کەریم: خواردنەوە گازییەکان هۆکارە بۆ قەڵەوی و دروستبوونی بەردی گورچیلە و زۆر نەخۆشی دیکە



تەمەن گۆرانییەکی نوێ بڵاوەدەکاتەوە

گۆرانیبێژی کورد "تەمەن سەید ئەحمەد"، ئاشکرایکرد بەم زوانە نوێترین گۆرانیی خۆی بڵاو دەکاتەوە.

تەمەن لە هەژماری تایبەتیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (ئینستاگرام)، لە پۆستێکدا ئاماژەی بەوە داوە، بەم زوانە نوێترین گۆرانیی خۆی، کە بە ناوی (100جار)ە، بڵاو دەکاتەوە. تەمەن کوڕی هونەرمەند سەید ئەحمەد ڕواندزی، میوزیکژەنی کوردە، تا ئێستا چەند ڤیدیۆ کلیپێکی بڵاو کردووەتەوە، چەند ئاهەنگێکیشی لە دەرەوە و ناوەوەی هەرێمی کوردستاندا ئەنجام داوە، ئێستاش لە کەنەدا دەژی.





شاهانەی نەشتەرگەران لە لەندەن. دەربارەی زیانەکانی خواردنەوە گازییەکان دەڵێت: زیانەکانی خواردنەوە گازییەکان بە تایبەتیش کۆکاکۆلا و بیبسی لەسەر جەستەی مرۆڤ زۆر زۆرن ، بە گوێرەی ئەو پێکهاتانەی کە لە ناو ئەو خواردنەوانەدا هەن بۆ نموونە ڕادەیەکی زۆری شەکری سپی واتە شەکری دەستکردیان تێدایە ،کەئەمەش وا دەکات ئەگەری توشبوون بە نەخۆشی شەکرە زیاتر بکات و دەبێتە هۆی قەڵەوی لەم ڕێگایەشەوە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی گوشاری خوێن و پتر بوونی ئەگەری توشبون بە جەڵتەی میشک و دڵ ، و زۆر خواردنەوەی ئەم جۆرە خواردنەوەیە دەبێتە هۆی بەد هەرسی دڵ هەڵچون و زیاد بوونی ترشەڵۆکی گەدە و لەوانەیە ببێتە هۆی ڕووشانی چینی ناوپۆشی گەدە و بەمەش دەبێتە هۆی تۆش بوون بە برینی گەدە و دوازدەگرێ، هەروەها دەبێتە هۆی بێ هێزبوونی ئێسک و ددان بە تایبەتی لە منداڵان کە ئەویش دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی ڕادەیەی کالسیۆم لە بەشی ئێسک و ددان ، ئەوەش هۆکارە بۆ زوو شکانی ئێسکەکان و کەڵزبوون و لەناوچوونی ددانەکان و هۆیەکیشە بۆ تووشبون بە بەردی گورچیلە.

لە پرسیاری ئەوە چۆن بتوانین کۆمەڵگاکەمان هۆشیار بکەینەوە تا دووربکەونەوە لە خواردنەوە گازییەکان؟ لە وڵامدا دەڵێت:پێویستە کۆمەڵگا ئاگادار بکرێتەوە دەربارەی زیانەکانی خواردنەوە گازییەکان بە تایبەتی کۆکاکۆلا و بیبسی، کە ئەمەش لە ڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وەک ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان و سۆشیاڵ میدیا ، و ئەرکی خێزان و مامۆستایانە کەوا منداڵان هان بدەن تا لەو جۆرە خواردنەوە وانە دوورکەونەوە ، و ئەرکی مامۆستایانی ئایینیە کە لە وتاری ڕۆژانی هەینیدا گرنگی بەم بابەتانە بدەن.

لە کۆتاییدا ئامۆژگاری ئەو دکتۆرە بۆ هاوڵاتیان ئەوەیە دەڵێت: تا بتوانن لەو جۆرە خواردنەوانە دوور بکەونەوە.